## هێزی شوێندانەر لە رۆژهەڵات دا

# ڕاسان

بە بۆنەی ٧٣ یەمین سالڕۆژی
دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئەلبورز رۆئین تەن



کوردستان ١٣٩٧

ناوی کتێب:
**هێزی شوێندانەر لە ڕۆژهەڵات دا**
**(ڕاسان)**
نووسینی: **ئەلبورز ڕۆئین تەن**
گرافیك و دیزاین: **هۆزان**
شوێن و ساڵی چاپ: **٢٠١٨**
نۆرەی چاپ: **یەکەم**

## پێشەکی

حیزبـی دێموکـرات زیاتـر لـە ناوێـک و ڕێکخراوێکـی سیاسـی بـۆ ماوەی نزیـک لـە سـێ چارەکـە سـەدەیە وەک دابنەمـۆی شۆڕشـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان خەبـات دەکات. لـەو سـێ چارەکـە سـەدەیەدا توانیویەتـی وەک هێزێکـی کاریگـەر لـە ڕۆژهەڵاتـدا داکۆکـی لـە ویسـت و داخوازییەکانـی گەلێکـی چەوسـاوە بـکات و ببێتـە پێشـەنگی خەباتێکـی بێوچـان بـۆ بەدیهێنانـی مـاف و ئازادییەکانـی نەتەوەکـەی. ئـەو حیزبـە لـە قوناغـی جیاجیـادا بـە شـێوازی جۆراوجـۆر سیاسـەتی حەکیمانـەی لـە پێنـاو نەهێشـتنی زۆرداری و لادانـی دیکتاتـۆری گرتووەتـە بـەر و بـۆی تێکۆشـاوە.

ئەمـڕۆ دوای زیاتـر لـە حـەوت دەیـە چالاکییەکانـی دیسـان بەڵگـەی حاشـاهەڵنەگرن بـۆ داینەمۆبوونـی شـۆڕش و خەباتێکـی نـوێ. بـە نوێگەری و سیاسـەتی سـەردەمیانە هەوڵـی نەهێشـتنی بـێ عەدالەتـی و دەسـەڵاتی ملهـۆڕی بەدیهێنانـی سەربەسـتی بـۆ کـورد دەدات. لـە هەمانکاتـدا هـەوڵ دەدا بــۆ دامەزراندنــی سیســتمێکی دێموکراتیکــی فیــدراڵ کــە هەمــوو نەتـەوە بندەسـتەکانی ئێـران لێـی بەهرەمەنـد بـن.

بـە چاوخشـاندنێکی خێـرا بـە بارودۆخـی شـپرزەی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ئێسـتادا، هەبوونـی بەرنامـە و پـلان بـۆ داهاتـوو، هەروەهـا گوتـاری سیاسـی دیاریکـراو و شـیکاری بـۆ داهاتـووی ناوچـە بـە پێویسـتییەکی زۆر گرنـک هەژمـار دەکرێـت؛ بۆیـە حیزبێکـی سیاسـی دەبـێ گریمانـەکان لـە بەرچـاو بگـرێ، لـە ئەگـەری نەمانـی کۆمـاری ئیسـلامیدا پرسـیارێکی بەجێ دێتـە پێـش کـە چـی بکەیـن بەهێز ببیـن بـۆ ڕزگاری نەتەوە و نیشـتمان، بۆ

دابینکردنـی داهاتوویەکـی گـەش و ژیانێکـی پـڕ لـە سـەوەری و بەختیـاری بـۆ خەڵکـی کوردسـتان. ئـەو پرسـیارە لـە ڕۆژهـەڵات مێشـکی زۆرێـک لـە ئێمەومانانـی بـە خۆیـەوە سـەرقاڵ کـردووە؛ بـە لێکدانەوەیەکـی ورد لـە سیاسـەتەکانی هێزێکـی شـوێندانەری وەک حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان ئێـران کـە ئەمـڕۆ بـە پرۆسـەی ڕاسـان خەبـات و تیکۆشـانی شـار وشـاخی لـە یـەک گـرێ داوە دەتوانیـن وڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەینـەوە.

ڕاسـان وێـڕای ئـەوەی جەوهـەری مافخـوازی ڕەوای مێـژووی هاوچەرخـی کـوردی لـە خۆیـدا هەڵگرتـووە، نوێگـەری و سـەردەمی بوونیشـی بـە تەواوەتـی باڵـی بـە سـەردا کێشـاوە، کەواتـە لـەو نوسـینەدا هـەوڵ دەدەیـن شـڕۆڤەیەک بـۆ هێـزی شـوێندانەری وەک حیزبـی دێموکـرات چ لـە ڕابـردوودا و چ لـە ئێسـتادا بکەیـن. ئەویـش بـە هەبوونی بەرنامـە و سیاسـەتی نـوێ دەتوانـێ بـۆ داهاتـووش خـاوەن پـلان بێـت و ئامادەییەکـی باشـی هەبێـت بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتانە. هەروەها کار کـردن بـۆ سـەرکەوتنی ئـەو سیاسـەتانە کـە نەتەوەیـی و نیشـتمانین. بـە تایبەتـی ڕاسـان، کاریگـەری لـە سـەر بـوون بـە هێزیکـی شـوێندانەر بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی گـەل لـە ڕۆژهەڵاتـدا هەیـە.

بـە پێویسـت دەزانـم زۆر سپاسـی بەڕێـز کاک لوقـمان مێهفـەر بـە تێبینیـە بـە سـودەکانی هەروەهـا بەڕێـز کاک شـەماڵ تەرغیبـی بـۆ پێداچونـەوەی زمانەوانـی و بەڕێـز کاک هـۆزان لـە دیزانـی کـردن دا بکـەم کـە لـە ئامادەکردنـی ئـەو نوسراوەیـە یارمەتیـان داوم. ئـەو نوسراوەیـە بـە بۆنـەی ٧٣ یەمیـن سـاڵیادی دامەزرانـی حیـزب ئامـادە کرابـوو بـەڵام لـە بـەر هەندێـک هـۆکار وەدوا کـەوت.

## هزری نەتەوایەتی لە کوێوە چرۆی کرد؟

بناغـەی هـزری نەتەوایەتـی و سـەربەخۆییخوازی کـورد دەگەڕێتـەوە بـۆ شۆڕشـی شـێخ عوبەیـدوڵای نەهـری لـە سـاڵی ١٨٨٠ی زایینـی. بـە وردبوونـەوە لـە مێـژووی کـورد دەردەکەوێـت کـە لـە نێـو دێـڕی خواسـتە نەتەوەییەکانـی مێـژووی هاوچەرخـی کـورد لێکچوونێـک هەیـە. ئـەو لێکچوونـە تـا ئێسـتاش واتـە سـەردەمی ڕاسـان بەردەوامـە کـە سـەلمێنەری هەبوونـی ڕۆحێکـی یەکسـانە لـە نێـو شۆڕشـەکانی کـورد کـە بـە شـێوازی جیـا بەڕێوەچـووە. حیزبـی دێموکراتیـش وەک حیزبێکـی نەتەوەیـی ئیلهامـی لـەو سـەرچاوە وەرگرتـووە.

شـێخ عوبەیـدوڵای نەهـری بـە کۆکردنـەوەی هێـز و لایەنـی کـوردی هەوڵـی دا بـە هێزێکـی تۆکمـەوە شـۆڕش دەسـت پـێ بـکات بـۆ ئازادکردنـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و دواتـر باکـوری کوردسـتان. هەرچەنـد ئـەو شۆڕشـە کـە لەگـەڵ دوو ئیمپراتـۆر شـەڕی کـرد لـە کۆتایـی تووشـی نسـکۆ هـات و نەیتوانـی ئامانجەکانـی بپێکێـت بـەڵام بـە سـەرەتایەک بـۆ بیـری ناسیۆنالیسـتی و سـەربەخۆییخوازی هەژمـار دەکـرێ. دامەزرانـی ئـەو بیـرە و کاریگـەری لـە سـەر شۆڕشـەکانی دوای خـۆی دانـاوە، بـە یەکێـک لـە فاکتەرەکانـی گرنـگ و ئەرێنـی شۆڕشـی شـێخ عوبەیـدوڵا لـە مێـژووی مافخوازیـدا هەژمـار دەکرێـت.

«لـە کۆبونەوەیەکـی مانگـی تەممـوزدا، ٢٠٠ کەسـی لـە گەورەپیاوانـی کـورد ئەوانـەی سـەرخێڵ و ئاغـا و مـەلا و میـرزا بـوون لـە بارەگاکـەی خـۆی لـە نەهـری کۆکـردەوە؛ لـەو کۆبونەوەیـەدا شـێخ وتارێکـی گرنگـی داوە کـە ئامانجەکانـی و بەشـێکی پڕۆژەکانـی کارکردنـی روون ئەکاتـەوە.

شێخ لە ناو قسەکانیدا وتی:

٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر عوسمانی دامەزرا؛ عوسمانییەکان بە ڕێگەی نامەشروع دەسەڵاتیان گرتە دەست. پاش ٤٠٠-٥٠٠ ساڵ حوکمڕانی وازیان لە دینی ئیسلام هێنا و ڕێگەی کفریان گرت. لە ساوە ئیتر کەوتە داهێزران. تا دێ لە ڕووخان و هەڵوەشان نزیک ئەکەوێتەوە. هەڵوەشانەکەشی ئەوەندە بە خێرایی ئەڕوا گومانی تیدا نییە بەم نزیکانە ئەڕووخێ و دوایی دێت.

کوڕە خۆشەویستەکانم

ئەبێ گوێڕایەڵی راسپێرییەکانی باوباپیرانی خۆمان بین؛ بەسە ئیتر نابێ باری زوڵم و دیلایەتی تورکی کافر هەڵگرین، پێویستە خۆمان ڕزگار بکەین نە تەنیا ئێمەی کورد لە تورکیای عوسمانی، بەڵکوو ئەبێ برا کوردەکانی ئێرانیشمان، لەم دوو حکومەتەی ڕێی پێشکەوتنمانیان لێ بڕیون، ڕزگار بکەین.

باب وباپیرانمان داوامان لێ ئەکەن لە پێناوی دین و ئازادی نیشتمانەکەمان لە خوێنی خۆمان ببوورین.

زانایان گوتویانە: قۆستنەوەی هەلی لەبار زانایی و ژیرییە. فارس ئێستە لەگەڵ تورکمان بە شەڕەوە خەریکن. هەموو هێزەکانی خۆیان ناردۆتە سەر ئەوان. ئەمەش بە مەعنای ئەوەی ئێستە هەلومەرج بۆ جووڵانەوەکەی ئێمەی دژی حکومەتی ئێران لەبارە، ئەگەرچی ئێمە لە فارس ناترسین، چونکە ئەگەر بە شەڕیشەوە خەریک نەبن ١٠٠ هەزار سەرباز زیاتریان پێ کۆ ناکرێتەوە، کە ئەویش لە برا کوردانەی خۆمانن کە حکومەتی ئێران ئەیانچەوسێنێتەوە هەمان هەستی ئێمەیان هەیە.

لەبەر ئەوەی بەشێکی دەوڵەمەند و بە پیتی کوردستان لەژێر دەستی ئێراندایە ئەبێ ئەو بزووتنەوەی خەریکین لە پێشدا بەرامبەر دوژمن لاوازەکە دەس پێ بکا. بەمەش براکانمان و نیشتمانە دەوڵەمەندەکەیان رزگار ئەکەین. ئەمەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندمان بۆ تەئمین ئەکا. یارمەتیمان ئەدا بۆ بە گژداچوونی دوژمنی دووهەممان، کە بەهێزترە ئەویش تورکی عوسمانییە»[١]

ڕزگار کردنی وڵات لە دەستی تورک و فارس دەکرێ بە کاکڵی خواستەکانی شێخ بزانین کە ئەوە ڕەواترین و سەرەکیترین داخوازی بۆ نەتەوەیەکی بندەست لە وڵاتێکی داگیرکراودایە کە ئێستاش بنەماییترن داخوازی شۆڕشگێرەکانە، واتە ڕزگارکردنی وڵات گەورەترین هۆکاری پاڵنەر بووە بۆ قوربانیدان و فیداکاری.

بە قۆستنەوەی هەلی لاوازبووونی ئیمپراتۆری عوسمانی، شێخ بناغەی دانانی تیزی کەمترنەبوونی نەتەوەی کورد لە فارس و تورکی حوکمڕانی داڕشت، ئەوە خۆی لە بنەماییترین ئەسڵەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییە کە دەبێ کوردیش وەک هەر یەک لە نەتەوەکانی دیکە ببێتە خاوەنی نیشتمان و سەروەری خۆی. ئەو بیرە لە هەموو جووڵانەوەکانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە؛ نموونەی بەرچاویشی شۆڕشی سمکۆیە.

## سمکۆ بۆ بوو بە چقڵی چاوی دوژمنان؟

شۆڕشـی سـمکۆ لـە سـاڵەکانی ١٩٢٠_١٩٢٩دا جارێکـی تـر هیـوای ڕزگارکردنـی نیشـتمانی لـە نێـو کـورددا زینـدوو کـردەوە. لـەو شۆڕشـەدا وێـڕای قارەمانـی لەڕادەبـەری سـمکۆ بـۆ بەدەسـتهێنانی قەوارەیەکـی سـەربەخۆ لـە خاکـی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی کـورد تێیـدا سـەروەری خـۆی هەبێـت هەمـان هەسـتی نەتەوەیـی بـۆ ڕزگاری وڵات لـە نێوەڕۆکـی خۆیـدا هەبـوو.

بەشـێک لـە نامەکـەی کـە بـۆ زەفەرودەولـە (حەسـەن موقـدەم) بەرپرسـی فەوجێکـی لەشـکری ئازەربایجـان نـاردووە لێـرەدا بـە نموونـە دەهێنمـەوە کـە وەک ئەوەیـە دۆخـی ئێسـتای پێشـمەرگە و ڕۆژهـەڵات شـی دەکاتـەوە. سـمکۆ لـە نامەکەیـدا کـە لـە سـاڵی ١٩٢٢ زایینی نێـردراوە دەفەرمـێ :

« ببینـە چـۆن میللەتانـی بچووکـی جیهـان کـە چـوار یەکـی هۆزەکانـی کوردەکانیـش نیـن، خودموختـاری خۆیـان لـە دەوڵەتـی گـەورەی وەک دەوڵەتـی ئاڵـمان وەرگـرت. ئەگـەر میللەتـی گـەورەی کـورد نەتوانـێ مافـی خـۆی لـە ئێـران وەربگرێـت، پێـی باشـە لە(هەلومەرجـی) ئـاوادا بمـرێ و نەمێنـێ. دەوڵەتـی ئێـران بیهـەوێ و نەیهـەوێ ئێمـە، کوردسـتان ئـازاد و خودموختـار دەکەیـن. لـە بـەر ئەمـە گوناحـە ئەگـەر کەسـێک بیهـەوێ بـە خۆڕایـی ببێتـە باعیسـی گیانـی خەڵکـی.»[٢]

ئـەو وتـە بـە نرخـەی سـمکۆ بـوو بـە چقـڵ و لـە سـۆمای چـاوی دوژمنانـی کـورد ڕۆچـوو.

هەبوونـی نێوەڕۆکـی، یەکسـانیخوازی نەتـەوەی کـورد لەگـەڵ

نەتەوەکانــی دیکــەی ئــازادی دونیــا، بــۆ هەبوونــی ئــازادی و ڕزگاری وڵات لــە دێڕەکانــی نامــەی ســمکۆ وەک خاڵــی جەوهــەری هاوبــەش لەگـەڵ ویسـتەکانی شـێخ عوبەیـدوڵا، هەمـان بنەمـای شـۆڕش و هەسـتی نەتەوەیــی بــۆ ڕزگاریــن لەگــەڵ ئــەوە ســمکۆ بــۆ رزگاری نەتــەوە و نیشــتمان لەگــەڵ ســێ وڵاتــی ئێــران و تورکیــە و عێــراق شــەڕی کــرد ســەرئەنجام بــە پیلانــی ناجوامێرانــەی فارســەکان بــۆ وتووێــژ بانــگ کــرا و لــەو ســەفەرە شــەهید کــرا، بــەڵام ئــەو هــزرەی دوای چەنــد دەیــە وەک خوێـن لـە ڕەگـی پێشـمەرگەی ئەمـڕۆی کوردسـتان دەسووڕێتەوە. هەمـان فەلســەفە وای لێــدەکات کــە چالاکــی لــە ڕۆژهــەڵات بــەردەوام بــکات. یەکێـک لـە گرنگتریـن ئامانجەکانـی پێشـمەرگە لـە کـۆن و ئێسـتادا خەبات بــۆ پاراســتنی کەرامەتــی نەتەوەیــە، کــە ئەویــش لــە ژێردەســت نەبــوون و یەکســان بوونــی لەگــەڵ نەتەوەکانــی دیکــەی دونیــا خــۆی دەبینێتــەوە هــەر هەمــان ئــازادی کــە ســمکۆ بــۆ کوردســتان خەباتــی بــۆ دەکات.

### ژێکاف و بووژانەوەی هزری نەتەوایەتی

دوای شۆڕشـی سـمکۆ دیسـان تەوژمـی ڕەشـی دیکتاتـۆری و داگیرکەری باڵـی بـە سـەر کوردسـتاندا کێشـا بـەڵام هیـچ کات نەیتوانـی ویسـت و هەسـتی مافخـوازی یـا رزگارکردنـی نیشـتمان لەنێـو ببـات. چونکـە گەلـی کــورد لــە هــەر قوناغێــک لــە قوناغەکانــی خەباتــدا لــە چوارچێــوەی ســەرهەڵدانی عەشــیرەتی یــان داخــوازی ڕێکخــراوەی جیاجیــا ســەری هەڵداوەتــەوە، تەنانــەت زۆرجــار ئــەو داخوازییانــەی ڕەنــگ و ڕووی عەشـیرەتی هەبـووە بـەڵام هەمـان ویسـتی نەتەوەییـان تێـدا بـوو.

لـە سـاڵەکانی دوای ١٩٤٠ی زایینـی کۆمەڵێـک مرۆڤـی نیشـتمانپەروەر بـە هەسـتێکی پـاک و بێگـەرد بـۆ خـاک و نەتـەوەی کـورد کۆمەڵەیەکیـان لـە مەهابـاد دامەزرانـد کـە ئـەو کۆمەڵەیـە بـوو بـە بنەمایەکـی بەهێـز بـۆ شـۆڕش لـە سـاڵەکانی دوایـی.

«ئامانجـی یەکەمـی کۆمەڵـەی ژێـکاف بەدیهێنانـی خودموختـاری بـوو بـۆ گەلـی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران. مەسـەلەی خەباتیشـی بـۆ ڕزگارکردنـی سەرانسـەری کوردسـتانی مـەزن و یەکگرتنـەوەی کوردسـتانی دابەشـکراو و دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـۆ قوناغێکـی دواتـر دانابـوو. کۆمەڵـە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی پشـتی بـە زانسـت و خوێنـدەواری و گەشـەکردنی کۆمەڵایەتـی دەبەسـت لـە جیاتـی چـەک و پەلامـارو هێـرش بـردن. هـەر بۆیـە لـە قوناغـی یەکەمـی دامەزرانـدن زۆر هێرشـی تەبلیغاتـی دەکـردە سـەر شـێوازی کاری عەشـیرەتی . بـە لەبەرچاوگرتنـی ڕەوشـی ئایینـی کوردسـتان، کۆمەڵـە بنەماکانـی خـۆی لـە سـەر چـوار کۆڵەکـە دامەزراندبـوو ( ئیسـلامەتی، کوردایەتـی، مەدەنیـەت، ئاشـتیخوازی.)»٣

هـەروەک دەبینیـن لـەو دێڕانـەدا جارێکیـتر ڕۆحـی نەتەوەیـی لـە داخوازەکانـی کـورد بـە هەمـان نێوەڕۆکـی شۆڕشـەکانی پێـش خـۆی لـە سـەردەمی کۆمەڵـەی ژێـکاف دا تەنانـەت بـە گۆڕانـی شـێوازی کارکـردن بۆ بـە ڕێکخراوەیـی کردنـی شـۆڕش و خۆدوورگرتـن لـە شـێوازی عەشـیرەتی یـان ئایینـی بـە ڕوونـی بەرچـاوە. ئـەو بابەتـە دواتـر لـە فۆرمولەکردنـی داخوازییـەکان زیاتـر دەکەوێتـە بەرچـاو.

«لـە کاتـی سـەردانی فەهیمـی وەزیـری ڕاوێـژکاری حکومـەت و نوێنـەری شاهەنشـا بـۆ مەهابـاد ویسـتەکانی کۆمەڵـە بـەو شـێوەی

خــوارەوە فورمولــە کــراون و پێــی دراون.

١ـ پێویســتە دەوڵەتــی ئێــران دان بــە زمانــی کوردیــدا بنێــت وەک زمانــی ڕەســمی بــۆ ســێ ملیــۆن کــوردی ناوچــە کوردنشــینەکان.

٢ـ زمانــی کــوردی بکرێتــە زمانــی ڕەســمی خوێنــدن و بەڕێوەبــردن و دادگاکانــی کوردســتان.

٣ـ هەمــوو ئــەو بــاج و دەرامەتانــەی لــە کوردســتان کــۆ دەکرێنــەوە پێویســتە لــە بنیاتنانــی خوێندنــگا و نەخۆشــخانە و ئاوەدانکردنــەوەی خــودی کوردســتاندا خــەرج بکــرێ.

٤ـ دەبێ کارمەندانی دەوڵەتی لە کوردستاندا کورد بن.

٥ـ پێویســتە ئــەم داواکارییانــە لــە مەجلیســدا بــاس بکرێــن و بڕیــاری باشــیان لــە بەرانبــەردا بــۆ وەربگیرێــت.

٦ـ لــە هەلومەرجــی ئێســتادا ئەوانــە داواکاریەکانمانــن، بــەڵام ئامانجــی دواییــمان خودموختارییــە کــە پشــت بــە مافــی یاســایی گەلــی کــورد دەبەســتێت. لــە خۆبەڕێوەبردنــدا گفتوگــۆ کــردن لــەم بارەیــەوە پێویســتە لــە دوای جەنــگ دەســت پــێ بــکات چونکــە گومــان لــەوەدا نییــە کــە کــورد بڕیــار لــە چارەنوســی خــۆی دەدات.

٧ـ گــەر هاتــوو کــورد بڕیــاری چارەنووســی خــۆی دا ئەوســا ئێــران وەک هاوســێیەک مامەڵــەی لەگــەڵ دەکرێــت.»٤

لــە فورمولــە کردنەکــەدا دەردەکــەوێ وێــڕای لەبەرچاوگرتنــی هەلومەرجــی ســات و ســەردەم کــە یەکێــک لــە بنەماکانــی سیاســەتی ڕاســینۆڵانەیە تێکــەڵ بــە داخــواز و ویســتەکان کــراون کــە وێــڕای ئــەوەی بنەمایــەک بــۆ داهاتــووی خــۆی دادەمەزرێنــێ، بــەڵام لــە هەمــان کاتــدا ڕۆحــی داخوازییــەکان واتــە ڕزگاری نیشــتمان و ســەروەری و ســەربەخۆیی

لـە مـاددەی ٦دا بـە ڕوونـی دەردەکـەوێ. لـە مـادەی ٧دا هەمـان داخوازی کـورد لـە کاتـی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد و تەنانـەت ڕیفراندۆمـی ی٢٠١٨ باشـووری کوردسـتان بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ وڵاتانـی دەوروبـەر دەبـێ وەک دراوسـێ لـە ئاشـتیدا بـژی، هاتـووە.

جارێکـی تـر دەردەکـەوێ ڕۆحـی فەلسـەفەی بزاڤـی ڕزگاریخوازیـمان وەک ئکسـیری نەمـر لـە شۆڕشـێکدا کـە بـە ئامانـج نـاگات لـە شۆڕشـەکانی تـر خـۆی دەردەخاتـەوە. ئـەوەی ئەمـڕۆ لـە ڕاسـانی ڕۆژهەڵاتـدا زیاتـر بـووە بـە هیـوا، هەسـت کـردن بـە هەمـان ڕۆحـە لـە ناخـی کردەوەکانیدا.

کۆمەڵـەی ژێـکاف وێـڕای نوێگەرییەکانـی بـەڵام بـۆ سـەرکەوتن پێویسـتی بـە گۆڕانـکاری و پێشـکەوتن هەبـوو هـەر بۆیـەش بـوو بـە بنەمـای رێکخراوێکـی پێشـکەوتوو کـە وەڵامـدەرەوەی ویسـتی کـورد بـۆ بـە رێکخراوکردنـی دۆزەکەیـان بێـت. ئـەو رێکخـراوەش حیزبـی دێموکـرات بـە ڕێبەرایەتـی پێشـەوا بـوو.

## حیزبی دێموکرات وەک ئۆرگانیزاسیۆنێکی مودێڕن

سـەردەمی شـەڕی دووهەمـی جیهانـی و بـە هاتنی هێـزی هاوپەیمانان لـە باکـوور و باشـوورەوە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەلێکـی لەبـار بـوو، پێشــەوا ئــەو دەرفەتــەی قۆســتەوە و حیزبــی دێموکــرات کــە لــە ســەر بنەمـای کۆمەڵـەی ژێـکاف دامەزرابـوو هەمـان ڕۆحـی داخوازییەکانـی زینـدوو کـردەوە.

بــە ئەنــدام بوونــی پێشــەوا لــە کۆمەڵــە و دامەزراندنــی حیزبــی دێموکـرات لـە سـەر ئـەو بنەمایانـە دەرگای حیزبـی بـە ڕووی چیـن و توێــژە جیاوازەکانــی کۆمەڵــگادا کــردەوە. حیــزب توانــی ئەســڵی بــە جەماوەرکردنــی خەبــات بــە باشــی جێبەجــێ بــکات.

هەرچەنـد ماوەیەکـی کـەم لـە سـەر دامەزرانـی حیـزب تێپەڕیبـوو، بـەڵام توانیبـووی وەهـا لـە دڵـی کـورددا بچەسـپێ کـە چەندیـن جیـل ئـەو ڕێکخـراوە بکـەن بـە چوارچێـوە بـۆ خەبـات و تیکۆشـانیان.

ئەگــەر ســەیری بەیاننامەکــەی دامەزرانــی حیــزب بکەیــن ڕۆحــی داخـوازی ڕەوای کـورد لـە ئەویشـدا بـە پێشـکەوتنەوە دووبـارە بۆتـەوە. بەیاننامەمەکـە بـەو شـێوەی خوارەوەیـە:

بسم الله الرحمن الرحيم

«بەياننامەی حيزبی دێموكراتی كوردستان»

هاونيشتمانيان_ برايان:

ئاگری شەڕی جيهانگير كە بە هۆی دوژمنانی ئازادی و لەژێرپێنەرانی دێموكراسی هەڵگيرسابوو، بە باسكی بەهێزی سەربازانی ئازای هاوپەيمانی گەورەی ئێمە كوژايەوە. دونيای دێموكراسی سەركەوت و دونيای فاشيستی كە هەوڵی دەدا گەلان و نەتەوەكانی جيهان لە ژێردەستی چەند نەفەر ملهۆڕی سەرەڕۆدا يەخسير بكا بە شێوەيەكی قەتعی تێك شكا و لێك بڵاو بوو و هەروەها كە چاوەڕوان دەكرا بۆ ئازادی گەلان و نەتەوەكانی جيهان ڕێگا خۆش كرا. ئەمڕۆ گەلانی دنيا لە گەورە و بچوك دەيانهەوێ لەو ڕێگايەی كە بەرەو ئازادی خۆش كراوە كەڵك وەرگرن و لەو بەڵێنييانەی كە بەهۆی مەنشوری مێژووی ئاتلانتيكەوە دراوە سود ببينن و هەڵسوڕاندنی كاروباری خۆيان بەدەستەوە بگرن و چارەنوسی خۆيان بە مەيل و ويستی خۆيان دياری بكەن.

ئێمەی كورد كە لە ئێران دەژين ساڵەها و بەڵكوو چەندين سەدساڵە كە لە پێناوی ماف ودەسەڵاتی نەتەوەيی و مەحەلليدا خەباتمان كردووە و قوربانيمان داوە. بەداخەوە كاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بە هيچ جۆرێك حازر نەبوون قسەی حيسێبی ئێمە قبوڵ بكەن و تەنانەت نەيانهێشتوە ئێمە لەو مافەش كەڵك وەبگرين كە قانونی ئەساسی بۆ ئەيالەتەكان و ويلايەتەكانی ئێران داناوە و بەردەوام وەڵامی ئێمە گوللە و بۆمب و تۆپ و زيندان و تەبعيد و يەخسيری بووە. بە تايبەتی لە سەردەمی بيست ساڵەی رەزاخاندا تەنانەت لە

لەبەرکردنـی جلوبەرگیـش دا ئـازاد نەبوویـن . بـە زۆری سـەرنێزە بـە هـۆی ئەفسـەرانی دز و خائیـن و تاڵانکـەرەوە هەمـوو دارایـی و ژیانـی ئێمەیـان تەفروتونـا کـردووە و چاویـان لـە نامـوس و شـەرەفی ئێمـەوە بـووە و بـۆ لەنێوبـردن و خاشـەبڕکردنی نەسـڵی ئێمـە لـە هیـچ نزمـی و دڕەندەییـەک خۆیـان نەپاراسـتووە. ئاخـر ئێمـەش ئینسـانین . ئێمـەش مێـژوو، زمـان و شـوێنەواری خۆمـان هەیـە کـە لامـان خۆشەویسـتن. بۆچـی دەبـێ مافـی ئێمـە لـە ژێـر پـێ بـنرێ؟ بۆچـی ناتوانیـن لـە نێـو ماڵـی خۆمانـدا ئـازاد و موختـار بیـن؟ بۆچـی ڕێـگا نـادرێ منداڵانـی خۆمـان بـە زمانـی کـوردی پـەروەردە بکەیـن؟ بۆچـی نایەڵـن لـە کوردسـتان ویلایەتێکـی خودموختـار بـێ و لـە لایـەن ئەنجومەنـی ویلایەتییـەوە ئیـدارە بکـرێ کـە قانونـی ئەساسـی دیـاری کـردووە؟

هاونیشـتمانیانی بەڕێـز دەبـێ بزانـن حـەق نـادرێ. حـەق وەردەگیـرێ، ئێمـە دەبـێ بـۆ مـاف و دەسـەڵاتی نەتەوەیـی و محەللـی خۆمـان خەبـات بکەیـن. ئـەم خەباتـە یەکیەتـی و یەکڕەنگـی پێویسـتە، ڕێکخـراو و پێشـەنگی پێویسـتە بـۆ ئـەم مەبەسـتە پیرۆزەیـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان دامـەزراوە و دەسـتی بـەکار کـردووە. ئێـوە هاونیشـتمانیانی خۆشەویسـت، دەبـێ چـاو و گوێـی خۆتـان بکەنـەوە لـە دوری حیزبـی نەتەوەیـی خۆتـان کۆببنـەوە، لـە پێنـاوی وەرگرتنـی مافـی ڕەوای نەتەوەیـی خۆتانـدا فیـداکاری بکـەن. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان ڕێبـەرو ڕێنوێنـی ئیوەیـە. تەنیـا لـە ژێـر ئـاڵای ئـەوە کـە نەتـەوەی کـورد لـە مەترسـی تەفروتونـا بـوون ڕزگار دەبـێ و هەبـوون و ناموس و شـەرەفی نەتـەوەی خـۆی دەپارێـزێ و دەتوانـێ لـە نێـو سـنووری دەوڵەتـی ئێرانـدا خودموختـاری نەتەوەیـی خـۆی وەدەسـت بێنـێ.

هاونیشـــتمانیان ئێمــە بێجگــە لــە مافــی ڕەواو ئینســـانی خۆمــان هیچـمان نـاوێ. دروشـمەکانی ئێمـە لـە بەندەکانـی خـوارەوەدا خولاسـە کـراون. بیانخوێننــەوە هەمــوو گەلــی کــورد، فــەرد فەردیــان تێبگەینــن ئــەوە دروشــمەکانی ئێمــەن:

١. نەتــەوەی کــورد لــە نێوخــۆی ئێرانــدا بــۆ هەڵســوڕاندنی کاروبــاری محەللــی خــۆی ســەربەخۆ و ئــازاد بــێ و لــە ســنووری دەوڵەتــی ئێرانــدا خودموختــاری خــۆی وەدەســت بێنــێ.

٢. مافــی خوێندنــی بــە زمانــی زگماکــی خــۆی هەبــێ و تــەواوی کاروبــاری ئیــدارەکان بــە هــۆی زمانــی کــوردی بەڕێــوە بچــێ.

٣. لــە ســەر بناخــەی قانوونــی ئەساســی، ئەنجومەنــی ویلایەتیــی کوردســتان بــە زوویــی هەڵبژێــردرێ و بــە هەمــوو کاروبــاری کۆمەڵایەتــی و دەوڵەتــی رابــگا و چاوەدێرییــان بــە ســەر بــکا.

٤. کاربەدەســتانی دەوڵــەت دەبــێ بــە بــێ قســە لــە خەڵکــی ناوچــەکان بن .

٥. دەبــێ لــە ســەر ئەساســی قانوونێکــی گشــتی لــە نێــوان لادێیــی و خــاوەن مڵــک دا ڕێککەوتنێــک پێــک بهێــنرێ و دوارۆژی هــەردولا دابیــن بکــرێ.

٦. حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان تیدەکۆشــێ کــە لــە خەباتــدا بــە تایبەتــی لــە گــەڵ نەتــەوەی ئازەربایجــان و کەمایەتییەکانــی تــر کــە لــە ئازەربایجــان دەژیــن، ئاسـۆرییەکان و ئەرمەنییــەکان و هــی دیکــە یەکیەتــی و برایەتییەکــی تــەواو پێــک بهێنــێ.

٧. حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان بــە ئامانجــی بەرەوپێشــبردنی کشــتوکاڵ و بازرگانــی و پەرەپێدانــی فەرهەنــگ و لەشــساغی و باشــترکردنی

ژیانــی ئابــووری و مەعنــەوی گەلــی کــورد دەســت دەکا بــە ســودوەرگرتن لــە ســامانەکانی سروشــتی و کانگاکانــی کوردســتان و لــەم ڕێگایــەدا تێدەکۆشــێ.

٨. ئێمــە دەمانــەوێ تــەواوی گەلەکانــی ئیــران هەلــی تێکۆشــانی بــە ئازادییــان بدرێتــێ بــۆ بەختــەوەری و پێشخســتنی نیشــتمانی خۆیــان.»٥

هــەر چــۆن لــە داخــوازی شــێخ عوبەیــدولا و شۆڕشــی ســمکۆدا ڕزگاری نیشــتمان خودموختــاری بــۆ هەبوونــی هەســتی ســەروەری نەتــەوەی کــورد لــە کوردســتاندا هاتبــوو، لــە بەیاننامــەی دامەزراندنــی حیزبــی دێموکراتیشــدا بــە هەمــان شــێوە داوا دەکات.

نەتــەوەی کــورد بــۆ ڕزگار بــوون لــە هەمــوو مەینەتەکانــی کــە بەســەریدا هاتــووە، دەبــێ هەوڵــی ســتاندنی حــەق بدرێــت کــە خــۆی لــە ئــازاد بوونــی کــورد لــە کوردســتاندا دەبینێتــەوە، کــە بــە داواکردنــی ئــەو ٨ مادەیــە چوارچێــوەی بەڕێوەچوونــی کوردســتان شــی بکاتــەوە و هــەوڵ بــدات کۆمەڵانــی خەڵــک، کــە لــە ژێــر ســتەمی ڕەزاخانــدا بــە شــێوەیەکی بــێ وێنــە چەوســاونەتەوە ئــازاد بــکات و کوردســتان ڕزگار و نەتــەوەی کوردیــش بــەو مافانــە بــگات کــە لــە مەنشــوری مێــژووی ئاتلانتیــک هاتبوو.

هەروەهــا بنەماکانــی دێموکراســی کــە ئــەوکات گەشــەی پێــوە دیــار بــوو وەک بنەمایــەک بــۆ ئــازادی گەلانیــش هەژمــار دەکــرا بۆ ئــازادی گەلی کــورد کەڵکــی لێوەربگیرێــت، تــا گەلــی کوردیــش هاوڕێــزی نەتەوەکانــی تــر خەبــات و تێکۆشــانی خــۆی بــەردەوام بــکات.

دامەزرانــی حیزبــی دێموکــرات ســەرەتایەک بــوو بــۆ وەدیهاتنــی ئارەزویەکــی دێرینــە واتــە دامەزراندنــی حکومەتێکــی ســەربەخۆ بــۆ خۆبەڕێوەبــەری نەتــەوەی کــورد کــە ســەرەڕای هەلومەرجــی دژواری

ئــەوکات، هەروەهــا لەخۆنەگرتنــی هەمــوو خاکــی کوردســتان و مــاوە کەمەکـەی سـەلماندی بەختـەوەری کـورد تەنیـا کاتێـک دەبێـت کـە حەقـی خـۆی سـتاندبێ.

حیزبــی دێموکراتیــش بــۆ ســتاندنی حەقــی کــورد هــەر وەکــوو لــە ســەردەمی شۆڕشــەکانی پێــش خــۆی دامــەزراوە و ئــەو بابەتــەش وەک ڕەســالەتی مێژوویــی بــۆ مــاوەی زیاتــر لــە ٧ دەیــە لــە پێنــاو بەدیهێنانــی هــەر بــەردەوام بــووە. ئێســتاش حیزبــی دێموکــرات ڕێبەرایەتــی ڕاســان دەکات تــا هەمــان حــەق بســتێنێ.

## کۆمارێک لە مێژوودا

دوای کەمتر لە ٦ مانگ لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات، کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا.

ئەوە یەکەم جار بوو لە مێژوودا کە کورد بەو شێوەیە دەبوو بە خاوەن حکومەتی خۆی، هەروەها یەکەمین ئەزمونی حوکمڕانیش بوو لە کوردستان کە حیزبی دێموکرات تاقی دەکردەوە کە بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم تێیدا سەرکەوتنێکی گرینگ و بەنرخی مێژوویی بە دەست هێنا.

سەرکەوتن بەو مانایە کە لەو ماوە کورتەدا هەرچی لە دەستی هات بۆ حوکمڕانییەکی پێشکەوتووی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەنجام بدات و ئەزمونێکی سەرکەوتوو بۆ نەوەکانی داهاتووی کورد تۆمار بکات.

بە چاوخشاندنێک بە هەلومەرجی سەردەمی دامەزرانی کۆمار بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە لە بەرەو پێشبردنی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان کە وەک پردێک لە نێوان قۆناغی چرۆ و گەشەی هەستی نەتەوایەتی لە ساڵی ١٨٨٠و جوڵانەوەی ئێستامان کە ئەمڕۆ خۆی لە پڕۆسەی خەباتی شار و شاخ لە ژێر ناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا دەنوێنێ.

بێگومان تەمەنی کەمی کۆمار و ڕووخانی، برینێکی قووڵی لە دڵی خەڵکی کوردستان دروست کرد بەڵام بەو تەمەنە کەمەش، وێڕای کار کردن بۆ پەروەردەیەکی پێشکەوتوو و کوردی، هەوڵی دا بۆ بەشداری پێکردنی توێژی ژن ولاو لە کاروباری کۆمەڵگادا. هەروەها

وێـڕای دۆسـتایەتی لـە گـەڵ یەکیەتـی سـۆڤیەتی ئـەو کات، هەوڵـی دا بـۆ دیپلۆماسـییەکی دروسـت و سـەردەمیانە لەگـەڵ وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و بریتانیـای کەبیـر؛ ئـەوەش بـە مانایـە دێ کـە نەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری شـۆڕەوی و بەڵکـوو حکومەتێـک بێـت بـۆ هەمـوو توێـژە فکرییـە جیاجیـاکان. ڕەچاوکردنـی مافـی مـرۆڤ و کەمینـەکان، چارەسـەری گرفتـەکان لـە ڕێگـەی دیالـۆگ، هەوڵـدان بـۆ زیندووکردنـەوەی ئابـووری یـا گرنگیـدان بـە پـەروەردە، بابەتگەلێـک بـوون کـە لەلایـەن ڕەزا شـا و بـۆ کوردسـتان نـەک پشـتگوێ خرابـوون بەڵکـوو قەدەغـەش کرابـوون و لـە سـەردەمی محەممەدرەزاشـای کوڕیشـدا بـەدی نەهاتـن بـەڵام لـە سـەردەمی کۆمـاردا بناغەیـان بـۆ دانـرا کـە نەتـەوە و نیشـتمان تـام و چێـژی ئازادیـان لـێ چەشـت.

«هەمـوو هەوڵـی پێشـەوا و کۆمـاری کوردسـتان تەنیـا لـە ٣٣٠ ڕۆژدا بـە بڕیـارات و کارە جێبەجـێ کراوەکانـی، هەروەهـا بـە فەلسـەفەی دروسـت بوونـی، سـەلماندی کـە کـورد شـایانی دەوڵەتـە، چونکـە زۆربـەی ئـەو چەمکانـەی کـە لـە دەوڵەتانـی دێموکراتیـک و پێشـکەوتوودا هـەن و بـە بەهـا دەناسرێـن لـە کۆمـاردا بـە باشـی جێبەجـێ کـراوە یـا هـەوڵ بـۆ جێبەجـێ کردنـی دراوە. هەروەهـا کۆمـاری کوردسـتان بـە بـەراورد لـە گـەڵ کارو چالاکـی زۆربـەی حکومەتەکانـی دونیـا، کـە تەنیـا ٣٣٠ ڕۆژ تەمەنـی بـووە، لـە بارودۆخێکـی وا دژوار نیشـانەی حکومەتێکـی سـەرکەوتوو بـوو بـۆ کـورد.

کۆمـاری کوردسـتان لـە یـازدە مانـگ دەسـەڵاتدارەتیدا لـە مێـژووی هاوچەرخـی ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن و بـە تایبەتـی لـە مێـژووی ئێـران بـێ هاوتـا بـووە. ئەویـش بـە دەسـتی کـوردەکان و لـە چوارچێـوەی

حکومەتـی کۆمـاری کوردسـتان بـەدی هاتـووە. بۆیـە کۆمـاری کوردسـتان ئەسـتێرەیەکی درەوشـاوەیە لـە مێـژووی نەتـەوەی کـورددا، لـە هەمـان کاتیـش بەڵگەیـەك و ئەزموونێکـە کـە لـە کاتـی دروسـت بوونـی هـەر گۆڕانکارییـەک لـە ئێـران و ناوچەکـەدا، جارێکـی دیکـە کوردسـتان بـە دێموکراسـی و پێشـکەوتن شـاد دەبێتـەوە.»٦

ئەزموونـی کۆمـار بـە باشـترین شـێوە ئامانجـی دامەزرانـی حیزبـی دێموکـرات بـە کردەوەیـی نیشـان دەدات ئەویـش هەوڵدان بـۆ ڕزگارکردنی نیشـتمان و ئـازادی نەتـەوەی کـوردە کـە ئـەو ڕەسـالەتە میژووییـە هەمیشـە بـە گوتـارو بەرنامەیەکـی سـەردەمی بـەرەو پێـش دەبـات تـا کـورد بـە ئامانجـی خـۆی دەگات.

یەکێـک لـە جیاوازییەکانـی شۆڕشـی کـورد بەر لـە دامەزراندنـی حیزبی دێموکـرات و دواتـری، ئەوەیـە کـە ئەگـەر پێشـتر شۆڕشـێک سـەرکوت دەکـرا لـە شـوێنێکی، دەبـا دوای ماوەیەکـی زیاتـر و بـە شـێوازێکی جیاتـر و لـە شـوێنی دیکـە سـەر هەڵبداتـەوە بـەڵام دوای دامەزرانـی حیـزب هەمیشـە بەسـتەرێکی ئامـادە کـە لـە دڵـی کۆمەڵانـی خەڵکـدا جێگـەی هەیـە ئامـادە بـووە بـۆ ئـەوەی شـۆڕش بـەردەوام بێـت.

باشـترین بەڵگـەش بـۆ ئـەوە سـەرهەڵدانی چالاکییـە سیاسـییەکانی دوای ڕوخانـی کۆمـارە. لـە کاتێکـدا تەنیـا لـە حیزبـی دێموکـرات ناوێـک ماوەتـەوە، بـەڵام خـۆی ڕێـک دەخاتـەوە دەبینـی لـە پێشخسـتنی بزاڤـی گەلـی کـورد کاریگـەر بـووە. باشـترین بەڵگـە بـۆ ئـەو بابەتـە لـە هەڵبژاردنـی مەجلیسـی حەڤـدە لـە سـاڵی ١٣٣١ی هەتاوییـە کـە سـارم خـان سـادق وەزیـری وەک کاندیـدی حیـزب هەڵدەبژێـردرێ.

«لـە گـەڵ هەمـوو ئـەو فشـارەی کـە سـتادی ئەرتـەش دژی سـادق

وەزیری و ئەو کەسانە کە پشتیوانی ئەوانیان کردبوو بە کاری هێنا لەو هەڵبژاردنانەدا لە خودی شاری مەهاباد لە ١٨٥٠ دەنگ ١٥٣٥ کەسیان واتە ٨٧ ٪ی خەڵک دەنگی خۆیان بە سادق وەزیری دا؛ هەر چەند سادق وەزیری خەڵکی مەهاباد نەبوو، هەرچەند حیزبی دێموکراتیش نهێنی بوو بەڵام خەڵک ئاگایان لە ڕابردووی سیاسی پێشکەوتنخوازی و نیشتمانپەروەری سادق وەزیری هەبوو؛ دەشیان زانی کە کاندیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانە بۆیەش خەڵکی مەهاباد بە تێکڕایی پشتیوانیان لێکرد.»٧

واتە تەنیا بە هەبوونی پشتیوانی ڕەمزیی حیزبی دێموکرات لە کاندیدێک، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کاندیدە کە خەڵکی ناوچەش نییە ببێتە خۆشەویست و پشتیوانی لێبکرێت، کەواتە ئەو بە باشی دەتوانێ جیاوازییەکی ئەرێنی بێت کە دوای دروست بوونی حیزب لە بزاڤی گەلەکەماندا بەدیهاتوە. ئەو جیاوازییە وەک ئاسانکارییەک بۆ خەباتە چونکە هەمیشە بەستەرێکی ئامادە بۆ خەبات هەیە. لە هەمان کاتدا بەرپرسیارەتییەکی قورسیش دەخاتە سەر شانی خەباتکارانی ئەو هێزە نیشتمانییە، کە دەبێ بەو بەرپرسیارەتییە مێژووییە هەڵسوکەوت بکەن کە بەردەوامی خەبات و تیکۆشانی خەباتکارانی پێش خۆیانن.

هەر بۆیە هەمیشە نیشتمانی بوون و نەتەوەیی بوون و پێشکەوتنخوازبوون بکەنە سەرمەشقی کارەکانی خۆیان. لەو چوارچێوەیەدا هەوڵ بدەن تا ڕەسالەتی مێژوویی حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی شوێندار لە ڕۆژهەڵات بەدی بێت.

## جوڵانەوەکانی ٤٦ و٤٧ لە لاپەڕەکانی مێژوودا

لـە دوای دامەزرانـی حیزبـی دێموکـرات و ئەزمونـی بەنرخـی کۆمـار ئـەو جوڵانەوەیـەی کـە دەریخسـت ئیـتر حیزبـی دێموکـرات بـووە بـە بەشـێک لـە هەبوونـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، جوڵانـەوەی سـاڵانی ٤٦_٤٧ ە.

یەکێـک لـە بنەماکانـی شـۆڕش کـە لـە بـاوەڕی قوڵـی شۆڕشـگێڕانەوە سـەرچاوە دەگرێـت، ئـەو ئەسـڵەیە کـە پێویسـتە لـە هەمـوو سـەردەمێک بـە هـەر شـێوەیەکی مومکیـن بێـت، ڕێگەیـەک بـۆ گەشـەی خەبـات و تیکۆشـان ببینرێتـەوە تـا خەبـات بـۆ بەدیهێنانـی مـاف و ئازادییـەکان بـەردەوام بێـت.

هەمـان ئـەو دێڕانـەی کـە سـمکۆی نەمـر لـە نامەکەیـدا ئامـاژەی پێکردبـوو کـە «ئەگـەر میللەتـی گـەورەی کـورد نەتوانـێ مافـی خـۆی لـە ئێـران وەربگرێـت، پێـی باشـە لە(هەلومەرجـی) ئـاوادا بمـرێ و نەمێنـێ» هەمیشـە بکاتـە سـەر مەشـقی تیکۆشـانی خـۆی بـۆ خەبـات.

بـەر لـە دەسـپێکردنی ئـەو جوڵانەوەیـە کـە خەباتکارانـی دێموکـرات توشـی دەیـان تەنـگ و چەڵەمـەی جیـاواز ببوونـەوە، وێـڕای گرفتـە ناوخۆییـەکان، گیـران و ئـاوارە بـوون، زوڵـم و زۆری و لەسـێدارەدانی ئازادیخـوازان، هەوڵـی سـاواک بـۆ نەهێشـتنی ئاسـەوارەکانی شـۆڕش و بەرخـۆدان لـە کوردسـتان تـا بانگەشـەی ئـارام بوونـی وڵات بـکات.

« محەممەدڕەزاشـا لـە چاوپێکەوتنێکـی ڕۆژنامەوانـی لەگـەڵ پەیامنێری ئاژانسـی (فرانـس پرێـس) دا لـە ٢٢ شـوباتی ١٩٦٤ دووپاتـی کـردەوە هیـچ کێشـەیەک لـە ئێرانـدا بـە نـاوی کێشـەی کـوردەوە نییـە، کوردەکانیـش

وەک ئێمـە ئاریـن و لـە ئارتێـش و مەجلیـس و دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانـی تـر لـە گەڵـمان بەشـدارن.»٨

بــەڵام ئــەوە دور بــوو لــە ڕاســتییەکانی کوردســتانی ئــەوکات. نــەک کێشــەیەک بەنــاوی کــورد هەبــوو بەڵکــوو بــۆ شــاش زۆریــش جێگــەی مەترسـی بـوو. هەمـان چوارچێـوەی کـە کۆمـاری کوردسـتانی دامەزراندبوو بــۆ شــا ببــوو بــە ســەرچاوەی ترســێکی زۆر. تەنانــەت شــا بــە هەمــوو شــێوەیەک هەوڵــی بەرەنگاربوونــەوەی دەدا.

«لێـرەدا بـۆ ئـەوەی هەلومەرجەکـەی ئـەو دەمـی کوردسـتانی ئێـران بزانیـن جێـی خۆیەتـی ڕاپۆرتێکـی نهێنـی دەزگای سـاواک بخەینـە بەرچـاو کـە لـە١٩ی ئـاداری سـاڵی ١٩٦٦ دا نـوسراوە، لـەم ڕاپۆرتـەدا هاتـووە: «بــی زێــدەڕۆی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان هەڵایەکــی گــەورەو پــڕ جــۆش وخرۆشــی لــە نێــو چینــی ڕۆشــنبیر_ خــاوەن بڕوانامــەکان_ خوێنــدەوارەکان_ زۆرینــەی وەرزێــڕان و بەشــێکی موڵکــدارە ناڕازییــەکان و بنەماڵــەی شــێخەکان و مــەلا و بازرگانــە مەهابادییــەکان پێکهینــاوە، خەڵکـی بـە گشـتی خۆیـان لـە پەیوەندیگرتـن بـە کارمەندانـی دەوڵەتیـی دەگێڕنــەوە داوادەکــەن هــەر کەســەو شــکاتەکانیان بەرنــە لای نوێنەرانــی حیزبــی دێموکــرات یــان شــانە حیزبییــەکان، ئەوانــەی کــە لــە زۆربــەی گوندەکانــدا لــە ٣ کــەس پێکهاتــوون. ئــەو گەندەڵییــەی کــە لــە تــەواوی دەزگاکانــی دەوڵەتــی وەک دادوەری، فەرمانــداری، کارمەندەکانــی بەڕێوەبەرایەتــی، بانکــی کشــتوکاڵی و ڕیفۆرمــی زەوی بــەدی دەکرێــت نارەزایەتییەکـی گـەورەی لـە نێـو خەڵکیـدا پێکهێنـاوە. حیزبـی دێموکـرات ئەمێســتا خوازیــاری ئەوەیــە کــە لــە فاکتــەری ناکۆکــی و دوژمنایەتــی ئێـران لـە لایـەک و عێـراق و جیهانـی عـەرەب لـە لایەکـی دییـەوە بەهـرە

وەربگـرێ و بـە هـاوکاری نـاسر (مەبەسـتی جەمـاڵ عەبدولناسری سـەرۆکی میـسرەوە) _ ئامانجـە شۆڕشـگێرییەکانی لـە کوردسـتانی ئێرانـدا پیـادە بـکات. ڕاسـتییەکەی زۆرینـەی چیـن وتویژەکانـی کۆمەڵـگا لـە کوردسـتانی ئێرانـدا لـە نارەزایەتییەکـی تـەواودا دەژیـن و دژی ئـەو بارودۆخـە زاڵـەی ئیسـتا ئامـادەی ڕاپەریـنـن .... لـە ناوچـەی کوردسـتان و ئازەربایجانـی خۆرئـاوادا، زۆربـەی توێـژە خوێنـدەوارو ڕۆشـنبیرەکان خـاوەن هەسـتی ناسیۆنالیسـتین و لایەنگـری ئـازادی و خودموختاریـی و تەنانـەت سـەربەخۆیی کوردستانیشـن. بـە پشتبەسـتن بـە ئیـرادەی خـودی خەڵکـی کوردسـتان، خێڵـەکان، عەشـیرەتەکان، شـێخەکان، پیاوانـی ئاییـن لـە ناوچـەی کوردسـتان و ئازەربایجانـی خۆرئـاوادا کـە لـە ئاکامـی پیادەکردنـی یاسـایی ڕێفۆرمـی زەوی فشـاری هەندێـک کاربەدەسـتی خائینـدا نارازیـن و زۆربەیـان بیـری وێرانـکاری و خرابکارییـان لـە کەلەدایـە. جووتیـارو زەویـدارە بچووکـەکان وێـڕای ئـەوەی لـە پیـادە کردنـی یاسـای ڕێفۆرمـی زەوی بەهرەمەنـدن، کەچـی لـە پێنـاوی بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتاندا هەڵدەسـوڕێن و تەنانـەت پیـادە کردنـی ڕێفۆرمـی زەوی و ئەنجامدانـی پرۆژەکانـی ئاوەدانکردنەوەو تەندروسـتیش نەیتوانیوە کاریگـەری لـە سـەر گیانـی تێکدەرانەیـان جێبهێڵێـت، ئەوانـە زۆربەیـان بـە سـەری سـولەیمانی موعینـی سـوێند دەخـۆن.. ئەوانـە کوێرکوێرانـە لـە سـۆنگەی هەسـتی نەتەوایەتـی ئازادیخوازییانـەوە لایەنگـری لـە حیزبـی دێموکـرات دەکـەن، بەتایبـەت لـە ناوچـەی مەهابـاددا کـە خەڵکـی سـەبارەت بـەو دەمارگیرییـەی لەمـەڕ خۆشەویسـتی قازیـی محەممـەد و ئازادیـی کوردسـتانەوە هەیانـە لایەنگـری حیزبـی ناوبـراو دەکـەن»٩

پێموایـە لـە ڕاپۆرتێکـی دەزگایەکـی دژە کـوردی وەک سـاواک دانپێدانان

بــە ئــەو هەمــوو ڕاســتییەدا تەنیــا بــۆ ئــەوەی بــووە کــە مەترســی ئــەو جوڵانەوەیــە بخەنــە بەرچــاو هەتــا ڕێگاکانــی بەرەنگاربونــەوەی بدۆزنــەوە.

ئێســتاش ئێمــە وەک کــورد بــە بــڕوای مــن لــە گــەڵ ئــەوەی شــانازی بــەو جوڵانەوەیــە دەکــرێ بــەڵام بــەو جــۆرە کــە شــایانییەتی مافــی خــۆی لــە نێــو پێگــەی کــورد پێنــەدراوە.

پیــش لەهەمــوو شــتێک ئــەو جوڵانەوەیــە لــە کاتێکــدا بــووە کــە ڕێژیمــی شاهەنشــاهی خــۆی بــە ژاندارمــی ناوچــە دەزانــی هــەر بۆیــەش لــە کاتــی ئــاوادا زیاتــر لــەوەی ئاکامــی جوڵانــەوە بــۆ ئازادیخــوازان گرنــگ بێــت، خــودی ئەســڵی بەرخــۆدان گرنگییەکــی بێوێنــە پەیــدا دەکات، هەتــا بــە دوژمــن بســەلمێنێت کــە خەبــات بــۆ گەیشــتن بــە ئامانــج بەردەوامــە.

ئــەو جوڵانەوەیــە لــەو ســەردەمەدا گرینگــی خــۆی دەنوینــێ بــۆ ڕێبوارانــی مەکتەبــی دێموکــرات. هــەر بۆیــەش جوڵانــەوەی ٤٦ و ٤٧ بــە هەمــوو کەموکوڕییەکــەوە کــە بەشــێک لــە مێژووناســان ئاماژەیــان پێــداوە، بــە قارەمانــی لــە ڕادەبــەدەری ڕێبەرایەتــی و پێشــمەرگەکانییەوە بــۆ دیتنــەوەی دەرفەتێــک بــووە کــە کــورد لــەو نەهامەتییانــە ڕزگاری بێــت کــە پەیــڕەوی لــە هەمــان هــزرو بیــری شــێخی نەهری و وتــە و ڕســتە پڕماناکەی ســمکۆی شــکاک دەکات کــە دەفەرمــێ «ئەگــەر میللەتــی گــەورەی کــورد نەتوانــێ مافــی خــۆی لــە ئێــران وەربگرێــت، پێــی باشــە لە(هەلومەرجــی) ئــاوادا بمــرێ و نەمێنــێ»

ئــەوەش هــەر هەمــان فەلســەفەی ڕاســان بــوو کاتێــک کــە داگیــرکاری بــە هەمــوو شــێوەیەک نەتــەوەی کــورد دەچەوســێنێتەوە کەســانێک بــە فیداکردنــی گیانــی خۆیــان هەوڵــی بەردەوامــی ژیانــی میللەتێــک دەدەن و بــەو شــێوەیە دەرفــەت بــۆ بەردەوامــی و بەهێزکردنــی شــۆڕش دەدۆزنەوە.

ئەوەیکـە لـەو ڕاپۆرتـەدا زۆر بـە زەقـی بەرچـاوە ئەوەیـە کـە ئامـاژە دەکات خەباتـکاران و لایەنگرانـی ئـەو جوڵانەوەیـە حیزبـی دێموکراتـە، کـە لـە نێـو خەڵکـدا خۆشەویسـتە. ئـەوەش تـرس و نیگەرانییەکـی زۆری بـۆ سـاواک دروسـت کـردووە.

ئەگــەر ســەیری دژە کردەوەکانــی ســوپای پاســداران و ڕێژیمــی کۆمـاری ئیسـلامی دوای دەسـپێکی ڕاسـان و ئێسـتادا بکەیـن بـە باشـی بۆمـان دەردەکەوێـت هەمـان تـرس کـە حیزبـی دێموکـرات ڕێبەرایەتـی ئـەو جوڵانەوەیـە دەکات، بۆتـە هـۆکاری نیگەرانـی سـەرەکی ڕێژیـم لـە لایـەک، لـە لایەکـی دیکـەوە هـەر ئـەوە بۆتـە هـۆی ئـەوەی خەڵـک زیاتـر هیوایـان پێـی بـێ.

هـەر بۆیـەش ڕەسـالەتی حیزبـی دێموکـرات بـۆ دیتنـەوەی دەرفـەت بـۆ گەشـەکردنی شـۆڕش لـە هەمـوو کاتـدا بەرچـاو بـووە، ئـەو بەستەرەی کـە حیزبـی دێموکـرات بـۆ بەردەوامـی بـە ئامانـج گەیاندنـی شـۆڕش هەیەتـی هەمیشـە وێـڕای دەرس وەرگرتـن لـە ئەزمـون و مێـژووی خەباتـی زیاتـر لـە حـەوت دەیـە، ئەرکـی ئـەوە دەخاتـە سـەر شـانی ڕێبوارانـی ئـەو ڕێبـازە کـە دەبـێ شـوێندانەر بـن لـە ڕۆژهەڵاتـدا.

هەربۆیـەش تەنیـا ١٠ سـاڵ دواتـر لـە کاتـی شۆڕشـی گەلانـی ئێرانـدا ڕێبەرایەتـی دێموکـرات بـەر لـە ڕوخانی شـا دەچێتـەوە نێوخـۆی وڵات و بە خەبـات و تێکۆشـانی خـۆی جارێکـی تـر بزوتنـەوەی کـورد لـە ڕۆژهـەڵات دەگەشـێنێتەوە، خەباتـی گەلەکەمـان زۆر بەربـڵاو دەکاتـەوە تـا بتوانـێ ئـەوەی لـە دەسـتی دێـت بـۆ خزمەتکردنـی _ئەسـڵی سـەرەوەری کـورد لـە کوردسـتان دا_ دابیـن بـکات. وەک شـێخ عوبەیـدوڵا هزرێکـی نەتەوەیـی دادەمەزرێنـێ و سـمکۆی شـکاک بـە هەمـوو توانـاوە بـۆی تێدەکۆشـێ،

لـە سـەردەمی پێشـەوا بـۆ ماوەیەکـی کەمیـش بێـت دابیـن دەکرێـت و سـەری لـە سـەر دادەنـێ، لـە ڕاپۆرتـی سـاواکدا وەک ئامانجـی ڕێبەرایەتـی جووڵانــەوەی ٤٦_٤٧ هــەر ئــەو ئەســڵەیە ئامــاژەی پێدەکرێــت. ئــەو بیرۆکەیـە هـەر بـەردەوام دەبێـت ئێسـتاش ئامانجـی ڕاسـان و بـە جـۆش وخرۆشـتر دەکات.

## جێگیرکردنی پرەنسیپە گشتییەکان لە حیزبدا و ئامادەیی بۆ گۆڕانکارییەکان

بــە دامەزرانــی حیــزب لــە ســەر بنەمــای کۆمەڵــەی ژێــکاف لــە لایــەن پێشــەواوە، ڕۆحــی نەتەوایەتــی و فیــداکاری بــۆ ڕزگاری نیشــتمان وەک بەشــێکی دانەبــڕاو لــە نێوەڕۆکــی ئــەو حیزبــەدا بــە درێژایــی مێــژووی خەباتــی خۆیــدا دەمێنێتــەوە. بــە ڕێبەرایەتــی دوکتــور قاســملووی نەمــر ڕۆحــی پێشــکەوتنخوازی و بــە دامەزراوەیــی کردنیشــی بــە نەتەوایەتــی وفیداکارییــەوە زیــاد کــرد کــە حیزبــی دێموکــرات لــە ســەردەمی خەباتــی ئــەودا گەیشــتە ئاســتێکی بــەرزی خەبــات و تیکۆشــان کــە توانــی ڕۆڵێکــی گرنــگ لــە شۆڕشــی گەلانــی ئێرانــدا لــە ســاڵی ١٣٥٧ هەبێــت.

هــەر بۆیــەش ئەگــەر بمانهــەوێ دەســپێکی ئــەو ڕۆڵــە گرنگــە لــە شۆڕشــی گەلانــی ئێــران دەسنیشــان بکەیــن، دەبــێ بگەڕێینــەوە بــۆ ســاڵی ١٣٥٠و ســەردەمی گرتنــی کۆنفرانســی ســێهەم و کۆنگــرەی ســێی حیــزب و هەروەهــا جوڵانــەوەی ٤٦-٤٧ بــە هەنگاوێکــی گرنــگ لــە مێــژووی حیزبــدا هەژمــار دەکــرێ. چونکــە بەرنامــەو پەیــڕەوی حیزبێــک وەک بنەمــای قانونــی ڕێکخــراو کــە بــە یەکێــک لــە ئەســڵە گرنگەکانــی هــەر ڕێکخراوێک بــۆ ســەرکەوتن لــە کارەکانــی دادەنرێــت لــەو کۆنفرانســەدا پێشــنیار کــراو لــە کۆنگــرەی ســێ بــە شــێوەیەکی پێشــکەوتوو پەســەند دەکــرێ. هــەر وەک مــەلا عەبــدولا حەســەنزادە لــە نیــو ســەدە تێکۆشــاندا دەڵــێ:

«لــە ســەر بەرنامــە و پێــڕەوی حیــزب باشــە وەبیــر بێنمــەوە کــە پــاش ئامــادە کردنــی گەلاڵەکــە چەندیــن کۆبوونــەوەی کۆمیتــەی ناوەنــدی لــە ســەر گیــرا. ئــەوی ڕاســت بــێ ئــەو کۆبونــەوە حیزبییانــە (هــەر نەبــی

بـۆ مـن) زیاتـر وەک کلاسـی کادر دەچـوون. چونکـە یەکـەم جـار بـوو باسـی سیاسـی بـەو جـۆرە کـە دوکتـور قاسـملوو لێـی شـارەزا بـوو دەهاتـە نێـو کۆبوونەوەکانـی حیزبـی دێموکـرات. بـێ شـک هەمـووی ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەنـدی نـەزەرو بۆچوونـی بـە سـودمان لـە سـەر بەرنامـەو پێـڕەو هەبـوو، بـەڵام ئەمەگناسـی حوکـم دەکا کـە بڵێـم نەخشـی مامۆسـتا و تیئوریـزان هـەر بـە دوکتـور قاسـملوو بـوو.»[١٠]

هـەر ئـەو کۆنفرانسـەش بـووە بنەمـای کارو تێکۆشـانی نـوێ لـە نێوخـۆ و دەرەوەی وڵات بـۆ ئـەوەی حیـزب لـە کاتـی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران لـە کاتێکـی زوودا گەشـە بـکات و ببێـت بـە یەکێـک لـە دەنگە سـەرەکییەکانی حەقخـوازی کـە بتوانـێ پشـتیوانی زۆرینـەی کۆمەڵانـی خەڵـک بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێت.

بـەڵام ئـەوەی زۆر گرنگـە دوای ڕووخانـی شـا کـە حیزبـی دێموکـرات نـەک بـە ڕەوایەتـی مێژووییـەوە بەڵکـوو بـە دەنگـی ڕاسـتەوخۆی گەلـەوە دەبێتـە نوینـەری گـەل، واتـە لـە هەڵبژاردنەکانـی دوای ڕووخانـی شـا لـە هەمـوو ئـەو هەڵبژاردنانـەی کـە ئەنجـام دران حیزبـی دێموکـرات توانـی زۆرینـەی دەنگـەکان وەدەسـت بهێنێـت و ببـێ بـە حیزبـی یەکـەم لـە ڕۆژهەڵاتـدا.

ئـەو بابەتـە زۆر گرینگـە چونکـە لـە هـەر بارودۆخیکـدا بێـت حیـزب بەهێـز بێـت یـا لاواز، تەنیـا دەنگـی ڕاسـتەوخۆ و پـاک و بێگـەردی خەڵـک بـە بنەمـای کار و تیکۆشـانی خـۆی دەزانێـت؛ ئـەو بابەتـە وێـڕای ئـەوەی لـە بەرنامـەی حیزبـدا لێبڕاوانـە بـاس کـراوە لـە بیـرو هزرمانـدا بـۆ داهاتـوی ڕزگاری نیشـتمان کـە ئێسـتا ئاسـۆی ڕزگاری ڕوونـە، وەک

بەشـێکی دانەبـڕاو لـە سیاسـەتەکانی حیـزب دەمێنێتـەوە.
هـەر ئـەو بابەتـەش لـە هەمـوو کاتێکـدا وێـڕای ئـەوەی خەڵـک زیاتـر هانـدەدات بـۆ پشـتیوانی لـە جوڵانەوەکانـی کـە بـە ڕێبەرایەتـی ئـەو حیزبـە ئەنجـام دەدەرێـن، زیاتـر هیوابەخشـن.
ئـەوەی دەبینیـن ڕاسـان هـەر زوو دەبێتـە پێگەیـەک بـۆ لاوانـی وڵات تـا بەرەنـگاری دیکتاتۆریـەت ببنـەوە هـەر لـەو ئەسـڵەوە سـەرچاوە دەگرێت. لـە لایەکـی دیکـەوە سـەڕەرای بڵاوبوونـەوەی فکـری چەپـی لـە نێـو کۆمەڵـگادا کـە زۆر جـار دژایەتـی هەسـتی ناسیۆنالیسـتی بـە هەمـوو شـێوەیەک دەکـرد، بەهـۆی لێزانـی دوکتـور قاسـملوو لـە حیـزب لـە بنەما نەتەوەییەکانـی کـە لـە سـەردەمی پێشـەوا ئاوێتـەی حیزبـی دێموکـرات ببـوو، کـە لـە نێوەڕۆکـی خەباتـی کـورد لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی ١٩ و سـەدەی٢٠ەم دا سـەرچاوەی گرتبـوو دوور نەکەوتـەوە.
ئـەو بابەتـە بـە تـەواوی لـە داخوازییەکانـی کـورد و بەتایبەتـی «گەڵاڵـەی دەسـتەی نوێنەرایەتـی گەلـی کـورد دەربـارەی خوموختـاری کوردسـتانی ئێـران» کـە بـە هـەوڵ و ماندوبوونـی سـارم خـان سـادق وەزیـری ئامـادە کـرا بـە ڕوونـی ئامـاژەی پێکـراوە؛ لـە مـاددەی یەکەمیـدا بـەو شـێوەیە هاتـووە:
مـادەی ١ـ کوردسـتانی ئێـران سـەرزەوینێکە لـە جوغرافیـای ئێرانـدا کـە لەبـاری مێژوویـەوە شـوێنی دانیشـتنی هۆزەکانـی کـورد بـووە کـە ئێسـتاش زۆربـەی دانیشـتوانی لـە نەتـەوەی کـورد پێکهاتـوون ئـەم سـەرزەوینە هەمـوو ناوچـە کوردنشـینەکانی ئوسـتانەکانی ئیلام و کرماشـان و کوردسـتان و ئازەربایجانـی ڕۆژئـاوا دەگرێتـەوە.» [١١]
ئـەو پێناسـەیە کـە بـۆ کوردسـتان لـە سـەربنەمای جوغرافـی و زمـان و

مێــژوو هاتــووە، وەک یەکــەم مــاددە ئاماژەیــە بــۆ ئــەوەی کــە ئێمــەی کــورد وەک نەتــەوە چەوســاوینەتەوە بــەر لــە هــەر بابەتێکیــش دەبــێ هــەوڵ بــۆ ســڕینەوەی ئــەو چەوســانەوە بدەیــن. ســڕینەوەی ئــەو چەوسـانەوەش ئاماژەدانـە بـە ڕاسـتی کوردسـتان وەک هەیـە، نـەک وەک ئــەوەی دەوڵەتانــی ناوەنــدی ئامــاژەی پێدەکــەن.

«مــادەی ٦ـ ئەنجومەنــی نەتەوایەتــی کوردســتان بەرزتریــن ئۆرگانــی دەسـەڵاتداری نەتەوەیـی کـورد لـە سـەرزەوینی خودموختـاری کوردسـتانی ئێراندایــە؛ ئــەم ئەنجومەنــە هــەر دوو ســاڵ جارێــک لــە ڕێــگای هەڵبژاردنێکـی ئـازاد، سـەربەخۆ، نهێنـی و گشـتی هەمـوو دانیشـتوانی کوردســتانی ئێرانــەوە هەڵدەبژێــرێ و پێــک دێ.»[١٢]

بــە مــادەی ٦ چەمکــی ســەرەوەری کــورد لــە خاکــی کوردســتان کــە بــە حوکمڕانــی کــورد بــۆ خــۆی لــە خاکــی کوردســتان پێــک دێــت وەک بنەمایـەک بـۆ بەدیهاتنـی کەرامەتـی نەتـەوەی یەکسـانی نەتـەوەی کـورد وەک نەتەوەکانــی دیکــە کــە خــاوەن حکومەتــی خۆیانــن داوا کــراوە.

هــەر ئــەو ئەســڵەی کــە حیزبــی دێموکراتــی بــۆ دامــەزراوە و کاری بــۆ دەکات، هـەر ئـەو ئەسـڵەش وای کـردووە کـە پشـتیوانی خەڵکـی هەبێـت تــا لــە خەباتەکەیــدا شــوێندانەر بێــت. ئــەوەش پابەندبوونــی حیزبــی دێموکـرات بـە پڕەنسـیپە گشـتییەکانەوە دەبەسـتێتەوە.

## کورد و مافی چارەی خۆنووسین

لـە سـەر ئـەو پرسـیارە کـە مۆدێلـی خودموختـاری یـان فێدراتیـو یـان هـەر مۆدێلکـی تـر بـە جیـاواز لەگـەڵ ئەسـڵی سـەربەخۆییخوازی بـۆ نەتـەوەی کـورد دادەنرێـت زۆر هاوفکـر نیـم چونکـە هیـچ کات حیزبـی دێموکـرات لـە ئەسـڵی سـەربەخۆییخوازی دوور نەکەوتۆتـەوە.

هـەر مۆدێلێکـی بەڕێوەبـەری بێـت تەنیـا کاتێـک قابلـی قەبووڵـە کـە ئەسـڵی هەبوونـی سـەروەری کـورد لـە خاکـی کوردسـتانی تێـدا بێـت، ئـەو بابەتـە لـە نامیلکەیەکـی دکتـور قاسـملو لـە سـەر شـی کردنەوەیـەک بـۆ دروشـمی حیـزب دا شرۆڤـە کـراوە. ئـەوە هەلومەرجـی سیاسـی و ژێئۆپۆلیتیکـی ناوچەیـە کـە وا دەکات ئێمـە هەمـان داخـوازی ئەسـڵی سـەروەری کـورد لـە سـەر خاکەکـەی بـە مۆدێلـی جیـاواز داوا بکەیـن.

بۆیـە حیزبـی دیموکـرات نـەک لـە ئەسـڵی سـەربەخۆییخوازی کـورد دوور ناکەوێتـەوە بەڵکـوو هەمـوو هەوڵـی ئەوەیـە کـە ئـازادی بـۆ کـورد دابیـن بـکات تـا خـۆی بڕیـار بـدات کـە ئـەوە گەورەتریـن سـەربەخۆییخوازییە. هـەر بۆیـەش پشـتیوانی لـە ڕێفراندۆمـی باشـووری کوردسـتان کـرد تـا کـورد بریـار لـە چارەنوسـی خـۆی بـدات. واتـە هـەر وەکـوو لـە بەرنامـەو پەیـڕەوی حیزبـدا بـە ڕوونـی هاتـووە «بـۆ نەتـەوەی کـورد، گرینـگ ئەوەیـە لـە سـەر خاکـی خـۆی سـەروەر بـێ. دابینکردنـی سیاسـەتی کولتـوری، کۆمەڵایەتـی و کاروبـاری ئابـووری نێوخۆی کوردسـتان دەبـێ لـە ئەسـتۆی حکوومەتـی هەرێمـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـێ.»

ئـەوەش بەڵگەیـە بـۆ ئەوەیکـە چ ئێسـتا کـە ئـەو ئەسـڵە لـە بەرنامـەی ئێمـەدا هەیـە چ لـە سـەردەمی سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران یـا

داوای هــەر مۆدێلێکــی بەڕێوەبــەری وڵات بکــەن ئەســڵی ســەروەری بــە گرنــگ و پێویســت دەزانیــن و زانیومانــە و وەک بەشــێکی دانەبــڕاوی حیزبــی دێموکراتیــش هەژمــار دەکرێــت.

تەنانــەت ئــەو ماددەیــە لــە داخوازییەکانــی کۆمەڵــەی ژێــکاف «لــە هەلومەرجــی ئێســتادا ئەوانــە داواکاریەکانمانــن. بــەڵام ئامانجــی دواییــمان خودموختارییــە کــە پشــت بــە مافــی یاســایی گەلــی کــورد دەبەســتێت. لــە خۆبەڕێوەبردنــدا، گفتوگۆکــردن لەمبارەیــەوە پێویســتە لــە دوای جەنــگ دەســت پــێ بــکات چونکــە گومــان لــەوەدا نییــە کــە کــورد بڕیــار لــە چارەنوســی خــۆی دەدات.» کــە بــە فەهیمیــان وەزیــری دەربــاری شــا درابــوو، ئەگــەر بــە نوسراویــش نەبێــت هەمیشــە لــە مێشــک و دڵــی هــەر کوردێــک بــە تایبەتــی ڕێبوارانــی پێشــەوادا هەیە. هــەر بۆیەش راســیوناڵانە بیرکردنــەوە بــە مانــای دژایەتــی ســەربەخۆییخوازی نایــێ بەڵکــوو هەوڵــی داهێنانــی بەســتەرێک بــۆی دەکات.

هــەر بــەو بیرکردنەوەیــە لــە کاتــی ســەرکەوتنی شۆڕشــی گــەلان کــە وتوویــژەکان لەگــەڵ کۆمــاری ئیســلامی بــە ئامانــج نــاگات ڕێژیــم دەیهــەوێ بــە زەبــری هێــز، کوردســتان ســەرکوت بــکات، بڕیــاری ئەســڵی حیزبــی دێموکــرات بەرگــری کــردن لــە خاکــی کوردســتانە بــە فیداکارییەکــی بێوێنــە لــە قەڵــەم دەدرێ و نیشــانەی دانەبڕانــی حیزبــی دێموکراتــە لــە ئەســڵی خەبــات لــە پێنــاوی ڕزگاری نیشــتمان، کــە ئەمــڕۆ ڕۆڵەکانــی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان لــە ڕاســانی ڕۆژهەڵاتــدا بــە ســەربەرزییەوە گیــان لــە پێنــاو ئــەو ڕێبــازو ئامانجــە دەبەخشــن.

## دەست هەڵنەگرتن لە پرسی نەتەوایەتی

کۆنگـرەی چـوارەم دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران و بـە بڕیـاری بەرگـری لـە خاکـی کوردسـتاندا بـە ئامادەبوونـی بەرفراوانـی ئەندامانـی حیـزب لـە هەمـوو کوردسـتان لـە مەهابـادی ئـازاددا گیـرا.

هەبوونـی ئـەو کۆنگرەیـە بـەو شـێوە دێموکراتیـک و ڕێـک و پێکـە نیشـان دەدات حیزبـی دێموکـرات لـە هەمـوو دەرفەتێـک بـۆ ئـەوەی بتوانـێ ئەرکـی خـۆی بـە باشـی لـە ڕۆژهەڵاتـدا جێبەجـێ بـکات کەڵـک وەردەگرێـت.

ئـەو دێڕانـە لـە ڕاپۆرتـی کۆمیتـەی ناوەنـدی بـۆ کۆنگـرەی چـواردا بەڵگـەن بـۆ سـەلماندنی ئـەو ڕاسـتییە «دابینکردنـی مافـە نەتەوایەتییەکانی گەلانـی زۆر لێکـراوی ئێـران کـە زیاتـر لـە نیـوەی دانیشـتوانی وڵات پێـک دێنـن، چ بـە شـێوەی خودموختـاری چ بـە شـێوەی فدراتیـو نەخشـێکی گـەورە لـە دروسـت کردنـی سـەقامگیری بوونـی سیاسـی وڵات دیـاری دەکا....

چارەسـەری مەسـەلەی نەتەوایەتـی بۆچوونـی زانسـتی ئازایەتـی شۆڕشـگێڕانەی دەوێ، دەبـێ ئـەو ڕاسـتییە دووپـات بکرێتـەوە کـە تـا وەختێـک مەسـەلەی نەتەوایەتـی بـە شـێوەیەکی بنچینەیـی لـە ئێرانـدا چارەسـەر نەکـراوە چاوەڕوانـی دروسـت بوونـی سـەقامگیری سیاسـی لـە وڵاتـدا چاوەڕوانییەکـی بێهـودە زیاتـر نییـە. ئـەوەی کـە دەڵێـن لـە پێشـدا دەبـێ ئاسـایش و هێمنـی جێگیـر بکـرێ ئەوجـار مەسـەلەی نەتەوایەتـی چارەسـەر بکـرێ بۆچونێکـی ناڕاسـتە، بـە پێچەوانـەوە بـۆ پێکهێنانـی ئاسـایش و هێمنـی دەبـێ لـە پێشـدا بـە ڕەسـمی دان بـە

مافـە نەتەوایەتییەکانـی گەلانـی زۆرلێکـراوی ئێرانـدا دابـنرێ و پاشـان لـە فەزایەکـی ئارامـدا بـە کـردەوە مەسـەلەی نەتەوایەتـی چارەسـەر بکـرێ»[١٢]

ئـەم تێڕوانینـە نەتەوەیـی و پێشـکەوتنخوازانە و ڕاسـینوڵانە هەروەکوو پێشـتریش ئامـاژەم پێـدا لـە ڕەسـالەتی حیـزب بـۆ شـویندانەربوون لـە ڕۆژهەڵاتـدا سـەرچاوە دەگرێـت. بڕیارەکانـی کۆنگـرەی ١٦ی حیـزب، کۆنگـرەی راسـانی رۆژهەڵاتیـش هـەر لـەو جـۆرە تێڕوانینـەوە سـەرچاوە دەگـرن کـە نیشـانەی هەسـت کـردن بـە بەرپرسـیارەتییە لـە بەرانبەرگەلـی کـورد و خەڵکـی رۆژهەڵاتـدا.

## چۆنیەتی ئیدارە کردن و خۆبەڕێوەبردن

وێـڕای قارەمانـی و بەرگـری لـە وڵات لـە دۆخێکـی وا زۆر دژواردا، بەڕێوەبردنـی وڵات بـە شـێوەیەکی یاسایی و ڕێـک و پێـک و دێموکراتیـک هیـچ کات لـە لایـەن حیزبـەوە فەرامـۆش نەکـراوە.

گێڕانـەوەی ڕەوانشـاد کریـس کۆچێـرا ڕۆژنامەنـوس و مێژوونوسـی فەڕانسـەوی ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ دەردەخـات هەرچەنـد وڵات لەژێـر هێرشـی و تـۆپ و تانـک بـووە بەڵام پـەروەردەی کـوردی و نەخۆشـخانەش بـە ئەنـدازەی بەرگـری خەمـی حیـزب بـووە.

«لـە یەکێـک لـەو ناوچانـە کـە دەکەوێتـە نێـو سـێ گۆشـەی مەهابـاد، سەردەشـت، بـۆکان سـەرکردایەتی ڕادیـۆ، قوتابخانە، نەخۆشـخانە و حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و کۆمەڵـە جێگیـر بـوون. حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان تەنیـا شـەڕ نـاکا هـەر لـەو کاتـەدا بەڕێوەبەرایەتییـەک لـە کوردسـتان دادەمەزرێنـێ. لـە بەهـاری ١٩٨٢دا ناوچـە ئازادکراوەکانـی

کوردستان پێنجسەد قوتابخانەیان لێ کرابۆوە. (حیزب بە هیوا بوو ساڵی دواتر ئەو ژمارەیە دو بەرابەر بکا) هەروەها کتێبی ئەلف و بێی کوردی لە پەنجا هزار نوسخەدا چاپ دەبێ. قازییەکان دیاری دەکرێن و شۆراکانی گوند هەڵدەبژێردرێن. مەبەست لەو هەڵبژاردنانە ئەوەیە کە لە ڕێگای دەرفەتدان بە دێهاتییەکان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆیانەوە ئەرکی حیزبی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی سوک بکرێ، ئەو شۆرایانە هەروەها بناخەی بەڕێوەبەرایەتی خودموختار لە داهاتوویان پێک دەهێنا؛ ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هیوایان وابوو دواتر بتوانن هەڵبژاردن بۆ شۆراکانی ناحیە، ئینجا ناوچە و سەرەنجام شۆرای میللی کوردستانی خودموختار وەڕێبخەن»[١٣]

بە وردبونەوە لەو مێژوویە دەردەکەوێ کەم هێز هەیە لە کاتێکی وا دژواردا بتوانێ بەو شێوەیە دێموکراتیک لە خزمەت خەڵکەکەی خۆیدا بێت.

بە لێکدانەوەیەکی بارودۆخی دژواری ئێستای کوردستان، سەرخستنی ڕاسان کە هەموو چین وتویژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی تێدا بەشدار بێ وەک پێویستییەکی حەیاتی هەژمار دەکرێت تا ببێتە بنەمایەک بۆ ئەو جۆرە حوکمڕانییە تا چیدیکە جیلەکانی داهاتوو لەژێر تۆپ و گوشار و سڕینەوە و دژایەتی گەورە نەبن.

بەڵکوو دەبێ لە وڵاتێکی ئازاد کە تێیدا پەروەردەی زمانی خۆیان، جا هەر زمان و زاراوەیەک بێت، ئازاد بێت. هەنگاوەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا هاوکات لە گەڵ ئاشتی و ئازادی هەڵبگرن، هاوتای هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئازادی دونیا گەورە بن.

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕاسان

بــە خوێندنەوەیــەک بــۆ دۆخــی کوردســتان دوای زیاتــر لــە ســێ دەیـەی حکومەتـی کۆمـاری ئیسـلامی دەردەکـەوێ پێویسـتی گۆڕانـکاری یـان گەشـەی خەبـات لـە رۆژهـەڵات وەک پێویسـتییەکی حاشاهەڵنەگری لێهاتـووە، هەروەهـا بەردەوامـی خەبـات و تێکۆشـان دیتنـەوەی ڕێـگای گەشـەی خەبـات لـە هەلومەرجـی دژواردا لـە مێـژووی دێموکراتـدا هەیـە، ئـەو ئەسـڵە وەک فاکتەرێکـی سـەرکەوتووی ئـەو حیزبەیـە کـە زیاتـر لـە هـەل قۆسـتنەوە، بـە دوای دروسـت کردنـی هەلیشـدا دەگەڕێـت.

شـیکردنەوەی ئـەو دوو لایەنـە دەتوانـێ زیاتـر ڕاسـانمان وەک ئـەوەی هەیــە پــێ بناســێنێ، بــە ناســینی ڕاســان وەک هەیــە، لێکدانــەوە بــۆ دۆخــی داهاتــووی خێــرای گۆڕانکارییــەکان لــە ناوچــە و ڕۆژهــەڵات بــە پێویسـت دەزانرێـت. بـەو شـێوەیە ئەرکـی ڕاسـان دەتوانیـن باشـتر دیـاری بکەیـن، هەروەهـا رۆڵـی حیزبـی دێموکـرات وەک هێزێکـی شـوێندانەر لـە ڕۆژهــەڵات بــە شــیکردنەوەی ئەرکــی ڕاســان بەرجەســتە دەبێــت.

بــە دوای ئــەوەی لــە ســەرەتای ســەرکەوتنی شۆڕشــی گەلانــی ئێــران کـە وتووێـژەکان بـە ئـاکام نەگەیشـتن دۆخـی بەرگـری لـە چەنـد قۆناغـدا دەسـتی پێکـرد. سـەرەتا قۆناغـی پارێـزگاری لـە شـارەکان دەسـتی پێکـرد. دواتــر بــە لــە دەســتدانی ناوچــە ئازادکــراوەکان پەنابــردن بــۆ شــاخەکانی کوردســتان خەباتــی پارتیزانــی گەشــەی کــرد.

ســەرئەنجام هەوڵــی بەرفراوانــی ڕێژیــم بــۆ لەنێوبردنــی ڕێبەرایەتــی حیـزب وەک سـەرەتایەک بـۆ لاوازکردنـی شـۆڕش هەروەهـا دواترهەوڵـدان بــۆ دوورکردنــەوەی هێــزە شۆڕشــگێڕەکان لــە ڕۆژهەڵاتــدا تــا ڕادەیــەک

سـەرکەوتوو بـوو. لـە ئاکامـی ئـەو دوورکردنەوەیـەدا هەوڵـی دابـڕان یـان لاوازکردنـی پەیوەنـدی هێـزەکان لەگـەڵ خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی دا.

لـەو چەنـد دەیـەدا هەمـووی ئـەو هەوڵانـەی کـە لـە سـەرەوە باسـم کـرد بەرنامـەی ڕێژیـم بـوون بـۆ بەرەنـگاری شۆڕشـی ڕەوای کـورد. تیـرۆری ڕێبەرانـی حیـزب و سـەدان ئەندامـی تـر بەشـێکی بەرچـاوی ئـەو پیـلان و بەرنامانـە بـوون.

بـە هاتنـە سـەرکاری دەوڵەتەکانـی بـە نـاو ڕیفۆرمخـواز لـە دوای سـاڵی ١٣٧٦ هەوڵـی جیددیـان دا بـۆ ئـەوەی کـورد بـۆ نێـو کایـەی سیاسـی خۆیـان ڕابکێشـن تـا نیشـان بـدەن کـە داخوازەکانـی ئـەوان لـە نێـو بەرەی ڕیفۆرمـدا جێبەجـێ دەبـێ کـە ئەمـە بەشـێکی تـری پیلانەکانیـان بـوون. بـەڵام ڕوانگەیـان بـە نیسـبەت کوردسـتان جیاوازییەکـی ئەوتـۆی لەگـەڵ کاتـی فەرمانـی جیهـادی خومەینـی دژی کوردسـتان نەبـوو و بـە هـەزاران میلیـارد و هەروەهـا هێزێکـی مرۆیـی ئیدیۆلـۆژی گـەورە لـە پێنـاو دامرکاندنـی هەسـتی نەتەوایەتـی و گیانـی بەرخۆدانـی کـورد بەکارهێنـاوە.

« حەسـەن ڕۆحانـی لـە هـەر دوو دەورەی کاندیداتـۆری خۆیـدا، بەڵێنـی زۆری لـە پێوەنـدی لەگـەڵ باشـترکردنی دۆخـی سیاسـی کـوردەکان دا. هـەر بەهـۆی ئـەم بانگەشـانەوە بـوو کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکـی کـورد بەبـەروارد لـە گـەڵ کاندیداکانـی دیکـە دەنگیـان پێـدا، بـەڵام دوای هاتنەسـەرکاری، نەتەنیـا بەڵێنەکانـی نەبـردە سـەر، بەڵکـوو بـەردەوام بـوو لـە درێژەدانـی هەمـان ئـەو سیاسـەتانەی کـە ئەوانـەی پێشـتر لـە خـۆی بەڕێوەیـان بـردووە.»[١٤]

ئـەو ڕوانگـە میلیتاریسـتییە لـە دانانـی بەڕێوەبەرانـی ناوچەیـی (تەنانـەت لـە نێـو بەکرێگیراوانـی کـوردی ڕێژیـم هیـچ کات کەسـی یەکەم

و بڕیـاردەر لـە هیـچ شـار و یەکەیەکـدا کـورد نییـە) هەروەهـا دانانـی بەرنامـە و پـلان بـۆ بەرەوپێشـبردنی کەرتـە جۆراوجۆرەکانـی ئابـووری و خزمەتگـوزاری ڕەنگدانـەوەی ڕاسـتەوخۆی هەبـوو.

بەجۆرێـک سـەرەڕای دەوڵەمەنـدی پارێزگاکانـی کوردسـتان لـە بابەتـی جیـاوازو هەروەهـا هەڵکەوتـەی جوغرافـی وەک دراوسـێ بـوون بەبەراورد لـە گـەڵ پارێزگاکانـی دیکـەی ئێـران زۆر دەوڵەمەنـد بـوون، بـەڵام لـە هەمـوو ئامارەکانـی دیاریکردنـی بارودۆخـی ئابـووری و ژیانـی خەڵـک لـە کوردسـتان خراپتریـن دۆخدایـە. بەپێـی ئامـاری فەرمیـی ناوەنـدی ئامـاری ئێـران، نێونجـی داهاتـی یـەک بنەماڵـەی شارنشـین لـە سـاڵی ١٣٩٤ لـە پارێزگاکانـی کوردسـتان (لـە نێونجـی ئـەو داهاتـە لـە شـارەکانی دیکـەی ئێـران کەمـترە) بـەم شـێوە بـووە: نێونجـی مانگانـە لـە ئیـلام ١٦٥٠٠٠٠، سـنە ١٦٨٠٠٠٠، ورمـێ ١٧٠٠٠٠٠ و کرماشـان ١٧٥٠٠٠٠ تمـەن. ئـەو داهات و خەرجـە نیشـان دەدات کـە زۆربـەی خەڵکـی کوردسـتان لەژێـر هێڵـی هـەژاری یـان نزیـک لـە هێڵـی هەژاریـدا دەژیـن.»[١٥]

بـە گوێـرەی ڕاپۆرتـی ڕێکخـراوی شـەفافیەتی نێونەتەوەیـی، ئێـران وەکـوو یەکێـک لـە گەندەڵتریـن وڵاتانـی دونیایـە کـە لـە نێـو ١٦٨ وڵاتـدا وڵاتـی ١٣٠ یەمـی جیهانـە. هـەر بۆیە وێـڕای خراپـی بارودۆخی کوردسـتان بـە گوێـرەی ئامارەکانـی دەوڵەتـی ئێـران، بـارودۆخ زۆر لـەو ئامارانـەی کـە دەوڵـەت بـڵاوی دەکاتـەوە خراپـترە چونکـە ئەگـەری دەسـکاریکردنی ئـەو ئامارانـە هەیـە لـە لایـەن دەوڵەتـی گەندەڵـی ئێرانـەوە.

ئـەو دۆخـە خراپـە ئابوورییـە تەنیـا قەیرانـی دروسـت کـراوی ڕێژیـم بـۆ کوردسـتان و ئێـران نییـە بەڵکـوو بـە دەیـان دیـاردەی کۆمەڵایەتـی جیـاواز کـە دەبنـە هـۆی داڕمانـی شـیرازەی بنەماڵـە و لـە کۆمەڵـگادا

ڕۆژانــە لــە زیادبووندایە.کاریگــەری گەندەڵــی و بەڕێوەبــەری نادروســتی کۆمــاری ئیســلامی فاکتــەری ســەرەکی دروســت کردنــی قەیرانــی ژینگەیــی جیــاواز وەکــوو قەیرانــی ئــاو یــا وشــکبوونی گۆلــی ورمێــن.

ڕێژیــم بــەوەش نەوەســتاوە و لــە ســەر بنەمــای پارێــزگاری کــردن لــە حوکمڕانــی ئیدۆلۆژیــک و نــاڕەوای خــۆی بــە ملیاردها دۆلار خــەرج دەکات بــۆ دروســت کردنــی گروپــی سیاســی و لەشــکری کەلتــوری و جیاجیــا بــۆ دەســتێوەردان لــە وڵاتانــی ناوچــە کــە شــەڕ و ئاڵۆزییەکــی زۆری لــە ناوچــە و جیهانــدا دروســت کــردووە و ئەمــەش خەســارێکی زۆری بــە مرۆڤایەتــی گەیانــدووە.

ئاژانســی هەواڵــی ئاسۆشــیتێدپرێس لــە مانگــی ڕێبەندانــی ١٣٩٤ دا لــە زمانــی ســەرۆکی ئیــدارەی ئیتلاعاتــی ئەمریــکا جەیمــز کلیمێــر ڕایگەیانــد کــە ئێــران یەکێــک لــە وڵاتــە هــەرە ســەرەکییەکانی پاڵپشــتی لــە تیرۆریزمە، تەنانــەت ســەرەڕای ڕێککەوتنامــەی ئەتۆمــی دیســان ئێــران لــە پشــتیوانانی چالاکــی گروپــە تیرۆریســتییەکانە.

کــردەوەی دژەمرۆڤانــەی کۆمــاری ئیســلامی تەنیــا بــەو بابەتانــە کــورت ناکرێتــەوە بەڵکــوو ڕوانگــەی ئەمنیەتــی لــە کوردســتان بۆتــە هــۆکاری گوشــارو پێشــێلکاری زیاتــر لــە کوردســتان.» ئاژانســی کوردپــا لــە ئامارێکــدا، ٥٤٤١ جــار لــە ژێرپێنانــی مافــی مرۆڤــی کــوردی لــە نێــوان ســاڵەکانی ١٣٩٢ تــا مانگــی ٩ی ١٣٩٥ هەتــاوی تۆمــار کــردووە.«[١٦]

لــە لایەکــی دیکــەوە هێزەکانــی ئۆپۆزســیۆنی ئێرانــی بــە تایبەتــی لــە دو دەیــەی دواییــدا، بــە دوای دوور بــوون لــە ڕۆژهــەڵات هەروەهــا کــەم کردنــەوەی چالاکیەکانیــان لــە رۆژهەڵاتــدا بــۆ خزمــەت کــردن بــە پاراســتنی ئەزمونــی باشــوور، هەروەهــا گرفتــی ناوخــۆی لــە دۆخێکــی باشــدا نەبوون.

وێـڕای ئەوەیکـە شـانازی شـەکاوە ڕاگرتنـی ئـاڵای خەبـات و شۆڕشـیان لـە ڕێگـەی خەبـات و تیکۆشـانی خۆیـان هەبـوو بـەڵام وەڵامـدەرەوەی دۆخ و ویسـتی رۆژهـەڵات نەبـوون هـەر ئـەوەش ببـووە هـۆی ئـەوەی ڕەخنەیەکـی زۆریـان بێتـە سـەر.

لــە کۆنفرانســی «داهاتــووی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت وکێشــە ودەرفەتــەکان» دامــەزراوەی «MERI» دا کــە لــە خەزەڵــوەری ١٣٩٥ هەتـاوی بەڕێـوە چـوو، بەڕێـز مسـتەفا هیجـری سـکرتێری گشـتی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران وتەیەکـی پێشـکەش کـرد و لـە بەشـێک لـە قسـەکانیدا ئامـاژەی پێـدا « ئێمـە ٢٠ سـاڵ دانیشـتوین تەنیـا دروشـمان داوە، دەردی دڵـمان کـردووە، کۆمـاری ئیسـلامی ئـاوا دەمانکـوژی ، ئـاوا دەمانچەوسێنتەوە، مافـی مـرۆڤ پێشـێل دەکات، کۆمـاری ئیسـلامی بـەو گلەیـی و سیاسـەتانەی ئێمـە نـە سیاسـەتەکانی نێوخـۆی گۆڕیـوە و نـە سیاسـەتی دەرەکیـی گۆڕیـوە»١٧

ئـەم تابلۆیـە لـە نێوخـۆی ڕۆژهەڵاتیشـدا بـەدی دەکـرا، بـە جۆرێـک بێهیوایـی باڵـی بـە سەرهەسـتی دەروونـی شـەقامی ڕۆژهەڵاتـدا کێشـا بـوو. لـە وتارێکـی رۆژنامـەی کوردسـتان دا هاتـووە:

«لـە پـاش شـەهید کرانـی کاک دوکتـور سـەعید و دوورکەتنـەوەی هێـزی پێشـمەرگە لـە مەیدانـی ڕاستەقینەی خەباتـی خۆیـان، گەورەتریـن خەسـارو هـۆکار بـوو بـۆ ئەوەیکـە بـەرە بـەرە و هێـدی هێـدی فـەزای شـار و دێهاتەکانـی کوردسـتان لەبـاری دەروونییـەوە بـەرەو دامرکانـدن بچێـت، خەڵـک (تـودە) بەپێـی مەسـڵەحەت و قازانـج و کەتوارێـک کـە دەبینـن هەڵسـوکەوت دەکـەن و لێرەشـدا بـە تایبـەت پـاش ئەوەیکـە خاتەمـی بـۆ یەکـەم جـار بـوو بـە سـەرۆک کۆمـاری ئێـران دەسـتەواژەی

بــێ نێوەڕۆکــی ئیســلاح تەڵەبــی کــورد هاتــە نــاو گۆڕەپانــی ئەدەبیاتــی سیاســی کــوردەوە.»١٨

بــە شــرۆڤەیەک بــۆ ئــەو بارودۆخــە نالەبــارەی کــە زۆر بــە کورتــی لــە ســەرەوە ئاماژەمــان پێــدا ئەرکــی حیزبــی دێموکــرات وەک هێزێکــی شــوێندانەری خــاوەن ئەزموونــی دامەزرێنــەری کۆمــارو جووڵانــەوەی ســاڵانی ٤٦ _٤٧، نوێنەرایەتــی گەلــی کــورد دوای ســەرکەوتنی شۆڕشــی گەلانــی ئێــران، کــە ڕۆح و هەســتی نەتەوەیــی و پێشــکەوتنخوازی و فیــداکاری لــە پێنــاو ڕزگاری نیشــتمان تێیدایــە، دەبــێ ڕێگەچارەیــەک بــۆ ئــەم بەســتەڵەکەی خەبــات ببینێتــەوە.

تەنانــەت بــە جۆرێــک گەشــەی پــێ بــدات کــە ببێتە هــۆی ســەرکەوتنی خەبــات. « حیزبــی دێموکــرات دوای خوێندنــەوەی دووبــارەی خۆرهەڵاتــی نــوێ و ڕاوێــژ و لێکۆڵینەوەیەکــی هەمەلایەنــە، لــە ســەرەتاکانی ســاڵی ١٣٩٤ بــەو ئاکامــە گەیشــت کــە کوردســتانی خۆرهــەڵات بــۆ ئــەوەی لــەو پەراوێزبــوون و ئــەو ئاسیمیلاســیۆنە پڕمەترســییەی کــە لــە ســەریەتی ڕزگاری بــێ و کــورد لــە پەراوێــزەوە بگەڕێنێتــەوە بــۆ چەقــی خەبــات، پێویســتی بــە ڕێکخــەر و پشــتیوان هەیــە. ئــەو ڕێکخــەرو پشــتیوانەش خەباتــی پێشــمەرگە و ئامــادە بوونیەتــی لــە کــۆڕی گەرمــی نیشــتمان و خەڵکــە تامەزرۆیەکــەی، خەباتیکــی نــوێ کــە دوایــە لــە لایــەن خەڵکــەوە بــە ناونیشــانی ڕاســانی خۆرهــەڵات نــاوزەد کــرا.»[١٩] هــەر بۆیــەش ڕاســان نەخشــە ڕێگایەکــە، کــە بــە ڕێگاچــارەی گەلــی کــورد بــۆ ڕزگاری دادەنرێت.

## ڕاسان و هەستانەوە لە بیری دوکتور قاسملوو فێر بووین

دوکتـور قاسـملوو: «ئـەم سـێ عاملـە پێکـەوە واتـە سیاسـەتی دروسـتی حیزبەکەمـان، پشـتیوانی خەڵـک لـە سیاسـەتی حیـزب و قارەمانیەتـی پێشـمەرگە و چۆنیەتـی پێشـمەرگە، پێکـەوە شـەرتی سـەرەکی سـەرکەوتنی شۆڕشـی کوردسـتانن.»

ئـەم دێڕانـەی سـەرەوە وتـەی دوکتـور قاسـملووی نەمـرن لـە وتووێژێکـدا کـە لەگـەڵ ژمـارەی ١١ی گۆڤـاری ٢٦ی سـەرماوەز، لـە سـاڵی ١٣٦٦ی هەتـاوی کـردووە. پێـم وایـە باشـترین پێناسـە بـۆ سـەرکەوتنی شۆڕشـی کوردسـتانن و بنەمایەکـی بەهێزیشـن بـۆ پێناسـە کردنـی ڕاسـان. دەتوانیـن بڵێیـن ڕاسـان بەرهەمـی سیاسـەتی دروسـتی حیزبـی دێموکراتـە بـۆ سەرخسـتنی شـۆڕش لـە ڕۆژهـەڵات کـە پێـک دێـت لـە خەباتـی شـار وەک پشـتیوانی خەڵـک و خەباتـی شـاخ وەک پێشـمەرگە کـە بـە قارەمانێتـی ئەرکـی خـۆی بەڕێـوە دەبـات.

بۆیـە دەڵێـم ڕاسـان سیاسـەتی دروسـتی حیزبـی دێموکراتـە چونکـە بـە خوێندنـەوە، بەرنامەدانـان و جێبەجێـکاری حیـزب تەنانـەت بـە خوێنـی ڕۆڵەکانـی ئـەو حیزبـە بـووە. بۆیـە دەڵێـم بـە پشـتیوانی خەڵـک چونکـە دروشـمی سـەرەکی ئـەم جـارە خەباتـی شـار واتـە خەڵـک، هەروەهـا هـەر وەکـو دیتـمان بـە حـزوری پێشـمەرگە لـە نێوخـۆی وڵات توانـی شـوێنی خـۆی لـە نێـو دڵـی خەڵـک و هاوکێشـە سیاسـییەکاندا بکاتـەوە.

دوای خوێندنـەوەو لێوردبونـەوە بـۆ دیتنـەوەی ڕێگەچـارە بـۆ دۆخـی چەقبەسـتوو پـاش جێگیرکردنـی پێشـمەرگە لـە شـاخەکانی کوردسـتان لـە پەیامـی نـەورۆزی بەڕێـز مسـتەفا هیجـری سـکرتێری گشـتی حیـزب لـە

نـەورۆزی سـاڵی ١٣٩٥ دا کـە ڕاگەیەنـرا کـە دەتوانیـن بـە سـەرەتای خەباتێکـی شـێلگیرتر بـۆ ڕۆژهـەڵات بزانیـن.

«پەیامـی ئێمـە لـە جێژنـی نـەورۆزدا ئەوەیـە کـە دەنـگ و توانامـان لـە شـاخ و شـاردا ڕێکبخەیـن بـۆ پێکهێنانـی هێزێکـی پتـەوی چارەنوسسـاز کـە ژیانێکـی نوێـمان بـۆ بنوسـێتەوە، ژیانیکـی دوور لـە ملکەچـی و بـێ مافـی. حیزبـی دێموکـرات ئـەو تواناییـە لـە نەتـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـدا دەبینـێ و لـە زۆرێـک لـە ڕووداوەکانـی سـاڵانی رابـردوودا شـاهێدی نیشـاندانی ئـەو توانایانـە بـووە.»[٢٠]

نێوەڕۆکـی ڕاگەیاندنـی ڕاسـان لـە کاتێکـی مانـادار واتـە نـەورۆز بـە مانـای ژیانـەوەو بووژانـەوەو هەسـتانەوە لـە شـوێنێکی مانـادار وەک شـاخەکانی کوردسـتان کـە تەنیـا دۆسـتی هەمیشـەیی کـورد بوونـە، هاوارێکـی شۆڕشـگێرانەیە بـۆ دابینکردنـی « ژیانێکـی دوور لـە ملکەچـی و بـێ مافـی» بـۆ گەلێکـی چەوسـاوە، بـۆ ڕاسـانەوە لـە بەرانبـەر دوژمنانـی گـەل و داگیرکەرانـی کوردسـتان کـە لـە نێـوەڕۆک و لـە جەوهـەردا جیاوازییەکـی لەگـەڵ هەمـوو شۆڕشـەکانی کـورد بـە درێژایـی مێـژووی ڕابردوومـان نییـە، چوونکـە جەوهـەری هەمـووی ئـەو شۆڕشـانە دابینکردنـی مـاف و لابردنـی زۆرداری و ناڕەوایـی لـە سـەر کـورد و داگیـرکاری کوردسـتان یـا بـە جۆریکـی تـر گەڕانـەوەی سـەروەرییە بـۆ کـورد لـە کوردسـتان. واتـە ئـەوەی ئەمیرخانـی برادۆسـت لـە سـەرهەڵدان و بەرخۆدانـی قـەڵای دەمـدەم دا کـردی، ئـەوەی لـە شۆڕشـی شـێخ عوبەیـدوڵا ڕووی دا، ئـەوەی سـمکۆی شـکاک داوای دەکـرد، یـا ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە دروسـتبوونی حیزبـی دێموکراتـدا هاتنـە ئـاراوە، یـا دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان و دەسـەڵاتی کـورد لـە سـەرەتای شۆڕشـی گـەلان، هـەر کامەیـان بـە جۆرێـک ڕاسـانی سـەردەمی خۆیـان بـوون،

چونکـە هەرکامیـان دووبـارە هەسـتانەوەیەک بـوون بـە نیسـبەت شۆڕشـی پێـش خۆیـان.» [٢١]

ڕاسـان سـەرەتا خـۆی لـە جێگیرکردنـی هێـزی پێشـمەرگە لـە شـاخەکانی کوردسـتان، دواتـر حـزوری پێشـمەرگە لـە نێوخـۆی وڵاتـدا دەدیتـەوە ئـەو بابەتـە بـە باشـی لـە لایـەن هێزێکـی خـاوەن ئەزمونـی وەک حیزبـی دێموکـرات جێبەجـێ کـرا کـە بـووە هـۆی شـڵەژانی ڕێژیـم، هەڕەشـە کردنـی، تەنانـەت تریبۆنـی سیاسـی و گرنگـی وەک نوێـژی جومعـەی تـاران ببـووە شـوێنی هەڕەشـەی کاربەدەسـتانی سـوپای پاسـداران. وێـڕای هۆشـداریدان بـە حکومەتـی هەرێـم درۆی هەمیشـەییان دووپـات دەکـردەوە کـە ئـەو هێزانـە سـەر بـە دەوڵەتـی وەک عەرەبسـتان و ئیسرائیلـن.

سـەرەڕای ئـەوەی هێزێکـی بـە ئەزمونـی وەک حیزبـی دێموکـرات هەمـوو ئەگەرەکانـی پێشـبینی کردبـوو، بـەڵام بێگومـان هـەروا ئاسـانیش نەبـوو جێبەجـێ کردنـی ئـەو بەرنامەیـە و گەشـەپێدانی ئـەم جووڵەیـە. چونکـە وێڕای قەبوڵـی گوشـاری سیاسـی، هـەر لـە کاتـی جێگیـر کردنـی هێـزەکان گرفـت بـۆ حیـزب لـە لایـەن هێزێکـی کوردییـەوە دروسـت بـوو کـە بـە خۆشـییەوە زوو کۆنتـڕۆڵ کـرا؛ وێـڕای قارەمانـی بـێ وێنەی هێـزی پێشـمەرگە کە بووە بەشـێک لـە قارەمانێتـی گەلەکەمـان وەک لاپەڕەیەکـی زێڕیـن باسـی لێدەکرێـت. بـە دەیـان ئەدیـب بـە هۆنینـەوەی شـێعر و پەخشـان هـاودەردەی و هاوسـۆزی خۆیـان بـۆ ئـەو ڕووداوانـەی کـە تێیـدا کۆمەڵێـک پێشـمەرگە شـەهید بـوون دەردەبـڕی. بـە مەبەسـتی دانپێدانـان بـە هەڵـەو هەروەهـا چارەسـەریان بـۆ داهاتـوو بـەو شـێوەیە لـە ڕاپۆرتـی سیاسـی بـۆ کۆنگـرەی ١٦ بـاس لـەو نرخـە گرانـە کـراوە کـە، «لـەو ئەزمونـە حیـزب تێچـووی گیانـی بەرچـاوی هەبـوو بـەڵام ئـەم تێچـووە بەشـێکی زۆری دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونـی پـەروەردەی

پێویسـت، کەمتەرخەمـی ژمارەیـەک بەرپـرس و پێشـمەرگە و کۆمەڵێـک دیـاردەو گوڕانکاریـی نـوێ کـە لـە مـاوەی دوو دەیـەی ڕابـردوو بـەرەوڕووی کوردسـتان بووەتـەوە و پێشـمەرگەکان ئەزمـون و شـارەزایی کەمیـان لـەو بـوارە هەبـوو.»[٢٢]

شـایەنی باسـە لـە جەولـەی تـری پێشـمەرگە بەتایبەتـی لـە ناوچەکانـی موکریـان کـە ئەزموونـی بەرپـرس و فەرمانـدە کۆنـەکان تێکـەڵ بـە هێـزی لاو کرابـوو توانـی سـەرکەوتنی بـاش بەدەسـت بێنێـت.

هیـچ یـەک لـە ڕووداوە تاڵـەکان کـە بوونـە هـۆی لەدەسـت دانـی ژمارەیـەک پێشـمەرگەی قارەمانـی حیزبـی دێموکـرات لـەو جووڵەیـە سـارد نەکـردەوە چونکـە حیزبـی دێموکـرات لـە ئەنجامـی هەرکارێکـدا بـە بیروباوەڕ دەیـکات هـەر ئـەو بـاوەڕە بـە ڕەوایـی خەباتمـان سـەرچاوەی هێـزە کـە ئـەو بـاوەڕە لـە قسـەکانی بەڕێـز کاک مسـتەفا هیجـری لـە کۆنفرانسـی «داهاتـووی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت وکێشـە ودەرفەتـەکان» دامـەزراوەی «MERI» دا لـە خەزەڵـوەری ١٣٩٥ هەتـاوی بـە باشـی دەردەکـەوێ، « بـاس لـەوە دەکرێـت کـە کۆمـاری ئیسـلامی واقعیەتێکـە دەبـێ قەبوولـی بکەیـن. بەڵـێ ئـەوە دروسـتە، بـەڵام ئێمـەش وەکـوو هێزێکـی شۆڕشـگێر کـە ئامانجـمان ڕزگاری نەتەوەییـە لـەو ڕێگایـەدا هـەزاران شـەهید و ئـاوارە و دەربەدەرمـان داوە، چـۆن دەتوانیـن ئـەو واقعیەتـە بگۆڕیـن؟ خـۆ هەمـوو ئـەو حکومەتانـەش کـە ڕووخـان واقعییـەت بـوون بـەڵام ئێمـەش وەکـوو کـوردی ڕۆژهـەڵات واقعیەتیـن بـەڵام دەبـێ ئـەو واقعیەتـەی خۆمـان بـە شـێوەیەکی عەمەلـی پیشـان بدەیـن.»

لـە کاتـی نووسـینی ئـەو دێڕانـە کـە دوو سـاڵ بـە سـەر ئـەو وتەیـەدا تێدەپـەڕێ لـە هەمـوو کاتێـک زیاتـر ڕاسـتی ئـەو قسـانە دەرکەوتـوون.

بـە دەسـپێکی ڕاسـان لـە کاتێکـی وا دژواردا ئێمـە چەنـد هەنـگاو لـە پێـش گۆڕانکارییـەکان خسـت، کـە دەبینیـن بـەرەوڕووی چەندیـن گۆڕانکاریـن و نارەزایەتییەکانـی خەڵـک هـەر دێـت و پـەرە دەسـتێنن و گوشـارە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ سـەر ئێـران بـۆ پاشەکشـەی ئێـران لـە سیاسـەتە چەوتەکانـی لـە ناوچـەدا زیـاد دەکات، ئەگـەر ئـەو هەنگاوەمـان هەڵنەگرتبـا زۆر لـە پـاش دەبوویـن. ئێمـە هەنـگاوی ئامادەکاریـمان پێـش لـە گۆڕانکارییـەکان هەڵگرتـووە ئـەوە خاڵێکـی ئەرێنییـە کـە دەبـێ بـە لێکدانەوەیەکـی زانسـتی ڕاسیونالانە هەروەهـا ورد و شـیکارییانە بـۆ داهاتـوو هەنـگاوی ڕاسـان زیاتـر لـە هەمـوو کاتێـک بەهێـز بکەیـن، چونکـە ڕاسـان لـە سیاسـەتی دروسـتی حیـزب ڕەنـگ دەداتـەوە و دەتوانـێ شۆڕشـی ئێمـە بـەرەو پێـش بـەرێ، ئـەو هیوایـەش لـە نێـو خەڵکـدا هەمـوو ڕۆژێـک زیاتـر دەبێـت.

دوژمـن بـە هەمـوو پیـلان و بەرنامەکانیـەوە نەیانتوانیـوە ئەندێشـەی قاسـملوو لـە ڕۆژهەڵاتـدا بسـڕنەوە بەڵکـوو ئێسـتاش کـە ئـەو سیاسـەتە حەکیمانـەی حیـزب کـە قاسـملووی مـەزن و نەمـر دارێـژەری بـووە، هەمیشـە بـۆ لاوانـی بـە هەسـت و شۆڕشـگێڕ ئیلهامبەخـش و سەرمەشـقی خەبـات بـووە؛ ئـەو ڕاسـتییە لـە هاتنـی پـۆل بـە پۆلـی لاوانـی خوێنگـەرم بـۆ نێـو شـۆڕش بـە باشـی دەبیـنرێ هـەر بۆیـە ڕاسـانی ڕۆژهـەڵات وڵامێکـی زۆر بەجـێ و پـڕ مانـا بـوو تـا بـە دۆسـت و دوژمـن نیشـان بـدات ئـەو ڕێبـازە هیچـکات بـێ ڕێبـوار نامێنـێ بەڵکـوو هەمیشـە مەکتەبێکـە بـۆ ئازادیخـوازان بـۆ تیکۆشـان تـا بتوانـن ئامانجـی شـەهیدان بێننـە دی.

**شەڕەفکەندی لە نێوەڕۆکی ڕاساندا**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەریی، دوکتور قاسملووی نەمر گرنگی پێدان بە پێگەیاندنی ڕێبەریی حیزب و کادرەکانی حیزب بوو. لە لایەک ئەو بابەتە بۆ ئاکادێمیسیەن بوونی دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە، لە لایەکی دیکەوە درک کردن بەو ڕاستییە کە شۆڕش پێویستی بە ڕاهێنان و پەروەردەی تاکەکانی هەیە تا بتوانێت شوێندانەر بن لە ڕێکخستن و ڕێبەری کردنی حیزبدا.

بە سرنجدان بە یەکێک لەو کلاسانەی کە دوکتور قاسملوو پێش شەهیدبوونی خۆی لە دوای کۆنگرەی هەشت لەژێر ناونیشانی «مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» بوویەتی کە دواتر وەک نامیلکە لەلایەن حیزبەوە چاپ کرا.

دوکتور قاسملوو بە شیکردنەوەیەکی کورت بۆ مێژووی حیزب کە لە چەند قۆناغی جیاواز لە ڕابردوودا تووشی نسکۆ و وەستان بووە بەڵام بەخۆشییەوە ئێستا ڕێبەرایەتی حیزب لە قوناخێکدایە کە دەتوانێ ئیدامەکاری هەبێ، جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێستا ئیتر حیزب بە ڕادەیەک گەشەی کردووە و چووەتە پێش و پێشکەوتووە کە ئەگەر بەشێکی زۆری ڕێبەرایەتیش نەمێنێ دیسان دەتوانێ درێژە بە ڕێبەری کردنی شۆڕش بدات.

نەمر دوکتور قاسملوو لە کۆتایی باسەکەیدا دەفەرموێ: «ئەمن پێم وایە ئەو جار ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە ئیدامەکاریدا بەردەوام دەبێ. یانی ئەگەر پاش کۆماری

کوردســـتان لـــە مەهابـــاد بەڕێوەبەرییـــەک نەما لـە پاشـــان دیســـان بڵێیـن لـە پـاش ســـاڵی ١٣٣٧ نەمـا، هەروەهـا بەتایبەتـی ئـەو ١٠ ساڵەی ١٣٣٩ تـــا ١٣٤٩ لـــە واقیعدا ئێمـــە ڕێبەرایەتیمان هـــەر نەبووە، دەتوانم بڵێـم کـە زۆر هیـوادارم کـە ئەمجـار ئیـتر وای لـێ نایـە. ئەمـن پێـم وایـە گەورەترین سەرکەوتنی حیزبەکەمان کـــە وەزعێکـــی وای پێکهێنـــاوە کـــە ئەگـــەر نـــەک دوو بەڵکـــوو چەنـــد کـــەس لـــەو ڕێبەرایەتییـــەدا نەبـــن دیســـان ئـــەو ڕێبەرایەتییـــە بـــە ڕێبـــازی خـــۆی درێـــژە دەدا و بە کورتی ئێســـتا ڕێبەرایەتییەکی ئەوتۆمـــان هەیـــە کـــە دەتوانیـــن بـــە هیواوە بڵێیـــن ڕەنگـــە ئـــەو ڕێبەرایەتییـــە بـــێ کە بزووتنـــەوەی گەلی کورد لە کوردســـتانی ئێرانـــدا دەتوانـــێ بـــە ئامانجەکانـــی خـــۆی بگەیەنێ.»

دوای شـــەهید بوونـــی دوکتـــور قاســـملوو ئـەو ڕاســـتییە لـە کاتـی سـکرتێری دوکتـور شـەرەفکەندیدا بـە کـردەوە سـەلمێنرا، هەمـوو هەوڵـــی دکتور شـــەرەفکەندی بـــۆ ئەوەی بـــە دوژمـــن نیشـــان بـــدات ئەگـــەر دوکتـور قاسـملوو بـە جەسـتەش نەمابـێ، بـەڵام بیـر و هـزری دوکتـور قاسـملوو هـەر مـاوە، ئەویـش بـە بەردەوامیـی شـۆڕش خـۆی دەنوێنـێ. ئامانجـــی دوژمنانیـش لـە تیـرۆری دوکتـور قاسـملوو لاوازکردنی شـۆڕش و لەنێوبردنـی بـوو بـەڵام بـە هەوڵـی دوکتـور شـەرەفکەندی و ڕێبەرایەتـی حیـزب بـە پیشـتوانی کادر و ئەندامانـــی حیـــزب و کۆمەڵانـــی بەرینـی خەڵکـــی کوردســـتان بـــۆ بەهێزکردنـــی شـــۆڕش دەبێتە هۆی ئەوەیکە دوژمـن بـەو ئامانجـــە نـــەگات کـە دوکتـور قاســـملووی بۆ شـەهید کرد.

ئـــەو بابەتـــە لـــە گوتـــاری دوکتـــور شـــەرەفکەندیش زۆر بـــە روونـــی ڕەنگـــی داوەتـەوە؛ لـە ڕاپۆرتی سیاســـی کۆمیتەی ناوەنـــدی بۆ کۆنگرەی نۆیەم )کۆنگرەی دوکتـــور قاســـملوو( بـــەو شـــێوەیە ئامـــاژە بەو ڕاســـتییە

کـراوە: «ئێسـتا ئـەم قسـانەی ڕێبـەری شـەهید وەک وەسـیەت نامەیەک لـە بەرچاومانـە چ سـەربەرزییەک بۆ ئێمە کادرو پێشـمەرگەکانی حیـزب لـەوە زیاتـر هەیـە کـە بـە هەمـوو هەسـت و توانامانـەوە تێکۆشـاوین سـەلماندومانە کـە دوکتـور قاسـملوو لـە ڕێکخسـتن و قایمکردنـی حیزبەکەیـدا ڕەنـج بـە خەسـار نەبـووە چوونکـە ئێمـەی قوتابی ئەو مەکتەبـە وا پەروەردەکراویـن کـە لـە تێکوشـان وخەباتـی بەردەوامـدا شـێلگێر بیـن.»

ئـەوەی ئەمـڕۆ لـە ڕاسـاندا وەک بەردەوامـی شـۆڕش و هەسـتانەوە بـە هێـزو وزەیەکـی نـوێ دەبینیـن درێژەدانـی ئـەو سـەربەرزییەیە کـە ئێمـەی قوتابیانـی قوتابخانـەی دێموکـرات ئەمـڕۆ لەگۆڕەپانـی خەباتدا بەردەوامین. هەروەهـا لـە یەکێـک لـە تۆمـارە ڤیدیۆییەکانـدا بـۆ پێشـمەرگەکان کاک دوکتـور شـەرەفکەندی زۆر بـە ڕوونـی ئامـاژەی پێـدەدا و دەڵـێ: «دوای شـەهید بوونـی ڕێبـەری گەورەمـان مامۆسـتای هـەرە بەرزمـان دوکتـور قاسـملوو بـوو با وجـودی وەی حیـزب، ئەمـە بـۆ خۆمـان ڕەنگـە دە نێـوی داین ئەمن بۆ خۆم بارها گوتومـە نەزانیـن، بـەڵام دەر حەقیقـەت مەعنـای ئەوەیـە کـە حیـزب لـە جێـی خـۆی مـا و ئەزقـەزا ئەو سـاڵ لـە هەمـوو سـاڵێکیش نیشـانی دا کـە بـە مەعنـای حیزبایەتی کـە زەربەیەکـی ئـاوای لێدەکـەوێ وە لە مەیـدان دا دەمێنتـەوە بەرعەکـس ئێحساسـی مەسـئولیەتی زیاتـر دەکا کـە ئێسـتا ئەو پەرچەمـەی کـە دوکتـور قاسـملوو بـە دەستییەوە گرتبـوو بـە نێـوی ئـەو بوو ئێسـتا هـەر کـەس خۆی بـە مەسـئول دەزانێ کە دەبـێ هەڵیگـرێ بـە مەعنـای ڕووحـی؛ ئیدامـەکاری حیزبایەتی تـازە جێگیـر بـووە جـا ئەگـەر پـاش زەربەیەکی ئـاوا گـەورە حیزب لە

جێـی خۆیەتـی پاڵـمان دەتوانـم بڵێـم زۆرتریـش وێـک داوە.»

هـــۆکاری ســـەرەکی ئامادەکردنـــی حیـزب لـــە لایـــەن دوکتـــور قاســـملوو بـــۆ ئـــەوەی بتوانـێ لـە هـەر بارودۆخێکـدا بەردەوامـی بـە شـۆڕش بـدات هەروەهـا گرنگیدانـی دکتـور شـــەرەفکەندی بـــە بەردەوامـــی شـــۆڕش بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو بابەتـە بـــە کـردەوە نیشـــان بـــدات بـــۆ ئـەوە دەگەڕێتـــەوە کـە حیزبـی دێموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران لـە ژیانـی سیاســـی خۆیـــدا بـــە بلوغێکـی سیاســـی و مێژوویـی گەیشـتووە کـە هـەر بەردەوام بێت لـــە ســـەر شـــۆڕش و هیچکات لـــەو هەوڵـە دەسـت هەڵنەگرێـت.

بێگومـان دوژمـــن هەمـوو بەرنامـە وپیلانـی بـۆ ئەوەیە کە شـــۆڕش لە چەقبەســـتووییدا بهێڵێتـــەوە و لاوازی بـــکات و دواتـــر بـــە پڕۆپاگەنـــدەی زۆر لـــە نێـــو خەڵکـــدا ناشرینـی بـکات. ئەگـەر ســـەیر بکەیـن ئـــەو بابەتە ئەمڕۆش بـــە ڕوونـــی دیـــارە و دەبینیـــن چەنـــد لـــە دروســـت کردنـــی شـــەڕی ڕەوانـــی بـــەرەو پێـــش چـــووە. بـــەڵام بەردەوامـــی شـــۆڕش و بەردەوامـــی و ســـووربوون لـــە ســـەر هێڵـــە نەتەوەیـی و پێشـکەوتنخوازەکان لـە ئێسـتادا هەنگاوێکـی گرنگـــە بـۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانـی دوژمـن.

هەســـتانەوەی ئەمجـــارە کـــە بـــە ڕاســـان دەناســـرێت لە ڕاستای ئـەو پەیامەدایـە کـە حیزبـی دێموکـرات بـە قوناغێـک لـە ژیانـی خـــۆی گەیشـتووە کـــە ســـەرەڕای هەوڵی زۆری دوژمـــن، هەروەهـــا گوڕانـــکاری ناوچـــە و هـــۆکاری دەرەکـــی و نێوخۆیی، دەتوانـــێ ڕێگایـــەک لـــە دڵـــی بـــەرددا بـۆ بەردەوامـی گەشـەی شـۆڕش ببینێتـەوە، چونکـــە هەمـــوو ئامانجـــی کۆمـــاری ئیسـلامی لـە تیـرۆری ڕێبـەری کاریگـەر و نەمـــری

وەک دکتـور قاســملوو لاوازکـردن و لەنێوبردنـــی شۆڕشـــە، بـــەڵام دوای ئـــەو خەســـارە گەورەیـــە بەردەوامـــی شـــۆڕش بەهێزتـــر لـــە جـاران پیلانەکانـــی دوژمنـی پوچـەڵ کـردەوە.

دوای شـــەهید کرانـــی دوکتـــور شـــەرەفکەندیش بـــۆ ماوەیەکـــی زەمەنـــی بـــە لەبەرچاوگرتنـــی بەرژەوەنـــدی نەتەوەیـــی، حیـــزب چالاکـــی و حـــوزوری پێشـــمەرگەی لـــە نێوخـــۆی وڵات ڕاگـرت بـــەڵام لـــە بوارەکانـــی دیکـــەدا ڕانەوەســـتا.

دواجاریـــش حیـــزب بە ڕاگەیاندنی ڕاســـان لـــە نـــەوروزی١٣٩٥دا و لـــە شـاخەکانی کوردســـتان لـــە لایـــەن هاوڕێـــی بەڕێـــز مســـتەفا هیجری ئـــەو راســـتییەمان پێدەڵـێ کـە حیزبـی دێموکـرات خـاوەن سـتراتیژی و بەرنامـە و پلانـی تۆکمـە و درێژخایەنـە. بۆیـە تیـــرۆری ڕێبەرانـی حیـزب و چەندین پیلانـــی دیکـــەی دوژمـــن نەیانتوانـــی ئامانجەکانیـــان بپێکن، خەونـی لەنێوبردنـی حیزب و کوژانەوەی بڵێســـەی مەشـــخەڵی خەبـــات لێیـــان پووچـــەڵ بوویـــەوە.

حیـــزب نـــەک لـــە تێکوشـــان نەوەســـتا بەڵکـــوو لـە نوێگەرایـــی، هەســـتانەوە، شـــوێندانەری حیزبـــی دێموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران جارێکیتـــر لـــە ئاســـتی نێونەتەوەیـــی و ناوچەیـــی و ئێرانـــدا کـــە هاتـــە نێـــو موعادالتـــەوە ئـــەوەش هیـــوای ســـەرکەوتن لـــە نێـــو کۆمەڵانـــی خەڵکـی گەشـــاندەوە و لـە هەمـــان کاتـدا دوژمنـی توشـــی نائومیـدی و شـــڵەژان کـرد.

کۆنگرەی شـــازدە واتە کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهـــەڵات بـــە هەنگاوێکـــی دیکـــەی ئـــەو پڕۆســـەیە هەژمـــار دەکرێـــت بـــۆ ڕووبەڕووبونـــەوە لەگـــەڵ دوژمـن. کەوابـوو پێویسـتە زۆر بـە جیـدی و هەمـوو لایەکمان بۆ

سەرکەوتنی ئەو پروسەیە وگەیشتن بە ئامانجی ئەسڵیمان تێبکۆشین کە ئەویش بە گەشەکردن و پەرەپێدانی ڕاسان دێتە دێ.

لەو ئاراستەیەدا ڕاسان و پەسەندکراوانی کۆنگرەی شازدەش هەنگاوێکی گرنگ و بەجێن بۆ نیشاندانی بەردەوامیی شۆڕش بە هەموو هێزییەوە کە دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید هەوڵیان بۆ دا. پرۆسەی ڕاسانیانیش جارێکی دیکە نیشانی دا کە فەلسەفەی ڕێبازی شەهیدان لە قووڵایی بیر و هزری ڕۆژهەڵات جێگیر بووە و تا سەرکەوتنی یەکجاری هەر بەردەوام دەبێت.

## هەنگاوێکی گرنگ بۆ سەرخستنی ڕاسان

بــۆ بــاس کــردن لــە داهاتــووی ڕاســان دەســپێکردن لــە کۆنگــرەی شـازدەیەمی حیـزب کـە بـە «کۆنگـرەی ڕاسـانی ڕۆژهـەڵات» ناودێـر کرابوو بــە خاڵێکــی پێویســت دەزانــم. نــەک لەبــەر ئەوەیکــە ئــەو کۆنگرەیــە ئـەو نـاوەی لێنابـوو، بەڵکـوو لـە بـەر نێوەڕۆکـی کۆنگـرە، هەروەهـا ئـەو کاریگەرییــەی کــە لــە ســەر ڕاســان هەیەتــی و دەیبێــت.

«ڕاسـان پێویسـتی بـە نوێبونـەوەو سـەردەمی بوونـە. ئەوەیکـە ئیـرادە و بــاوەڕی شۆڕشــگێڕی دەبــێ تێکــەڵ بکرێــت بــە شــێواز و ڕێــکاری مودێـرن، ئەوەیکـە چـۆن داواکانمـان ڕێـک بخەیـن و بگەینیـن بـە گـەل و چـۆن بتوانیـن ئامانجـی ڕاسـان بگەیەنیـن. شـۆڕش لـە سـەردەمی نوێـدا چــۆن بەڕێــوە دەبــردرێ، جــۆری بیرکردنــەوەی ئێســتای خەڵــک چۆنــە. چـۆن کاریگـەری بـە سـەر جیلـی نـوێ دروسـت دەبێـت. هەمـووی ئەوانـە پێویسـتی بـە ڕێـکاری نـوێ هەیـە؛ ڕێـکار و شـێوازی نوێـش پێویسـتی بـە سـەردەمی بـوون هەیـە.

ڕاســان پێویســتی بــە ناوەندێکــی بڕیــاردەری بــە حیکمــەت و زانــا و بەمشــوور هەیــە. ڕاســان فورمولــی ئێســتای خەباتــی ئێمــە، بــەرەوڕووی زۆر بابەتـی نێوخۆیـی و دەرەکییـە، بـەرەوڕووی هەمـوو پیلانێکـی دوژمنە. بـۆ بەردەوامـی و سەرخسـتنی پێویسـتە ناوەندێکـی بڕیـاردەر، بڕیارەکانـی دەربــکات و بــۆ دەرکردنــی هــەر بڕیارێکیــش هــەزار جــار بیــر بکاتــەوە وێـڕای ڕاوێـژ و بیرێکـی نـوێ.

لـە هەمـان کاتـدا ڕێئالیتەیەکـی تـەواو بـە بڕیارەکانـەوە دیـار بێـت و بتوانێـت لـە هەمـوو ڕەهەندەکانـی خەبـات و تێکۆشـاندا شـارەزا بێـت تـا

بڕیارەکانـی هەمـوو ناوەنـدەکان وەگـەڕ بخـات. هەروەهـا ئـەو ناوەنـدە دەبـێ لـە بڕیـاردان خێـراش بێـت.»

ئـەو پێداویسـتییەی ڕاسـان لـە کۆنگرەیەکـدا کـە بتوانـێ ئەرکەکانـی خـۆی بــە باشــی ئەنجــام بــدات دەهاتــە دی هەروەهــا زۆر بابەتــی بەڕێوەبــەری بــوون کــە دەبــا گۆڕانکارییەکــی ســەردەمیانەی بــە ســەر بهاتبـا تـا بتوانـێ لـە بـەرەو پێشـبردنی ڕاسـان کاریگـەر بێـت.

لەوەیکـە ڕاسـان سیاسـەتێکی دروسـت و بەجێیـە بـۆ سەرخسـتنی شـۆڕش، گومانێـک نییـە بـەڵام هـەر بەرنامەیەکـی بـاش دەبـێ میکانیزمـی پێویسـتیش بـۆ جێبەجـێ کردنـی دابنێـت چونکـە بـە بـێ جێبەجـێ کردنـی بەرنامەکـە چەندیـش بـاش بێـت کامـڵ نییـە، بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی ئێسـتای خێـرای گوڕانکارییـەکان، هەروەهـا کاریگـەری زانسـتیی کارگێـڕی بـۆ سەرخسـتنی ڕاسـان دەبـێ میکانیزمێکـی نـوێ بـۆ بەڕێوەبردنـی ئـەو بەرنامـە دابهێنرێـت.

هەروەهـا خسـڵەتی پێشـکەوتنخوازی حیزبەکەمـان ئـەوە دەخـوازێ کـە دەبـێ لـە زانسـتی کارگێـڕی بـۆ چارەسـەری گرفتـەکان و هەروەهـا باشـتر جێبەجـێ کردنــی بەرنامــەو سیاســەتەکانمان کەڵــک وەرگریــن بەتایبەتـی ئەگـەر ئـەو سیاسـەتە شـێلگیرە لـە سـەر پڕۆسـەی ڕاسـان و کاریگـەری لـە سـەر دۆزی ڕەوای گەلەکەمـان بێـت و هیـوای بەدیهێنانـی ئـازادی نەتـەوە و نیشـتمانی بـەدوادا بێـت.

هـەر لـە وتـەی کرانـەوەی کۆنگـرەدا کـە بـە پەیامـی هاوڕێی تێکۆشـەر و ماندوونەنـاس شـەهیدی زینـدوو مامۆسـتامەلا حەسـەن شیوەسـەڵی کـرا، کۆنگـرە ئـەو هیوایـەی دا بـە ئێمـە کـە کۆنگـرە کاریگـەری ئەرێنـی لـە سـەر ڕاسـان دەبێـت. مامۆسـتا لـە بەشـێکی وتەکانیـدا فەرمویـان «

خۆشەویستانم سەربەرزم، زۆریش سەربەرزم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵمەتی ڕاسان لەژێر چەتری دیفاعدا، دیفاع وەک ئەسڵی مەنتقی و گونجاو ڕاگەیاندووە، وە ئاوڕێکی جیددی و بەکردەوەی لە هەلومەرجی ئێستا و هێڵی جینایەتکاران و لەشکری قرەقوشی جەمهوری ئیسلامی ئێرانی داوەتەوە جگە لە حەقیقەت شتێکمان نەوتووە ئەگەر بڵێین ڕاسان وەرچەرخان و زەرورەتی مێژوویی و گەڕانەوەی شکۆ و ئیعادەی هەیبەتی شۆڕشگێرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕامالینی شەوەزەنگی نائومێدی و بێ ئاسۆیی بوو، ریسالەتێک بوو دلێرانە ئەنجام دراوە ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو ئازارە، با و زریانەبا، گەردەولول و تۆفانانەی کە خۆیان بە سیمای هەیکەلی بریندار حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەکێشن حیزبی ئێمە لە سەر جەماوەریترکردن و بەرینتر کردن و خەڵکیتر کردنی ڕاساندا بەردەوام ماوەتەوەو بەردەوامیش دەمێنێتەوە.»

ئەو وتانە لە شۆڕشگێڕێکی بێ وێنەی گەلەکەمان (کە ئێستاش زامی کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی لە لەشی مامۆستا ساڕێژ نەکراون تەنانەت دوای کۆنگرەش نەشتەرگەری بۆ کەم کردنەوەی ئازارەکانی ئەنجام داوە) وێڕای ئەوەیکە هەڵقولاوی کانگای باوەڕ بە خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بوون لە خسڵەتی پێشەوا، قاسملوو، دوکتور سەعیدی هەمیشە سادق و ڕێبازی دێموکرات دەچوون، دوو ئەوەندەش زانستی و ڕێئالیتەی سەردەمیان پێوە دیار بوو.

لە وەرزی ڕاساندا کاتێک زیاتر هەست بە پێویستی کۆنگرەیەکی وەها دەکرێت کە ئێمە ڕاسان نەک تەنیا بە خەباتی پێشمەرگە کورت ناکەینەوە بەڵکوو بە وەگەڕخستنی شار و لێکگرێدانی خەباتی

لـە گـەڵ شـاخ بـە زەرورەتێکـی حاشـاهەڵنەگر دەزانیـن.

«لـەم خەباتـەدا کـە فرەڕەهەنـدە، ئامادەبـوون بـۆ پێکهێنانـی ئاڵوگـۆڕ لـە شـێوەی کارو هەڵسـووڕان و دەستڕاگەیشـتن بـە گونجاوترین شـێوەکانی خەبـات کـە کـەم تێچووتریـن و پڕدەسـکەوتترین ئەنجامـی بـەدواوە بێـت، گـرێ دراوە بـە خێرایـی گۆڕانـی کۆمەڵـگا. لـە هەمـان کاتـدا لـە بیرمـان نەچـێ کـە ئامانجـی دوای ئـەم خەباتـە ڕێکخسـتنی کۆمەڵگەیـە بـۆ بـەرەو پێشـبردنی خەباتێکـی گشـتگیر و مەدەنـی بەهێـز و شـوێندانەرو تاکتیکەکانـی دیکـە پێویسـتە لـە خزمـەت ئـەم سـتراتیژییەدا بـن.»[٢٤]

لـەو ڕسـتانەدا بـاش دەردەکـەوێ کـە دەبـێ میکانیزمـی کاری خۆمـان بگۆڕیـن، بـە جۆرێـک کـە ڕەچـاوی چەنـد خاڵـی سـەرەکی لەوانـە دابـەش کردنـی دەسـەڵات و پێدانـی کار لـە سـەر بنەمـای پسـپۆڕایەتی، هەروەهـا یاسـامەندی و دێموکراتـتر کردنـی پێکهاتـەی بەڕێوەبـەری حیـزب بـکات، کـە ئـەو خاڵانـە بەشـێکی بەرچاویـان لـە سـەر بنەمـای گەڵالـەی پێکهاتەی حیـزب پێشـنیار کـراوی کۆمیتـەی ناوەنـدی بـوو؛ کۆنگـرە دوای بـاس و مناقشـە پەسـەند کـران و کەوتـە بـواری جێبەجـێ کردنـەوە.

«هـەر لـەو سـۆنگەیە بـوو کـە پـڕۆژەی گۆڕینـی سـاختار و میکانیزمـی کار کـردن لـە نێـو حیزبـدا گۆڕانـکاری بـە سـەردا هـات بـۆ ئـەوەی ڕێبەرایەتییەکـی سـەرکەوتوو و کارا دروسـت ببێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن لـە هەمـوو هێـز و وزەی دەوڵەمەنـدی مرۆڤـی کەڵـک وەرگریـن، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن کاریگـەر بیـن وەک هێزێکـی شـوێندانەر لـە ڕۆژهەڵاتـدا، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بەگوێـرەی پسـپۆڕایەتی بەشـەکان، کەسـەکان دیـاری بکرێـن، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن ناوەندەکانـی جیـای شـۆڕش هەماهەنـگ و بەهێزتـر لـە جـاران کار بکـەن، لـە کۆتاییـدا هەمـووی ئەوانـەش

بینــە ســەکۆی سەرخســتنی ڕاســان کــە ئامانجــی گەلێکــی ژێردەســتە و نیشــتمانێکی داگیرکــراوە.»[٢٥]

خاڵێکـی تـری ئـەو گۆڕانکارییانـە ئەوەیـە کە لـە کۆمەڵـگای ڕۆژهەڵاتی گۆڕانــکاری کــردن ئاســان نییــە و نەبــووە بــە تایبەتــی بەچاوخشــاندنێک بــە مێــژووی حیزبەکانــی دیکــە باشــتر بۆمــان دەردەکــەوی کــە ئــەو گۆڕانکارییانـە ئەگـەر لە چوارچێوەیەکـی پێشـکەوتنخوازی وەک دێموکرات زۆر لـەوەی هەیـە ئەسـتەمتر دەبـوو.

شـایانی باسـە ئێسـتا کـە چەنـد مانگێـک بـە سـەر کۆنگـرەدا تێپەڕیـوە ئاســۆی گۆڕانکارییــەکان رۆژ بــە ڕۆژ زیاتــر خۆیــان دەردەخــەن، بــە شـایەدی هەمـووان لـە هەندێـک بەشـدا پێشـکەوتن بـە کارەکانـەوە دیـارە و لــە بەشــەکانی دیکەشــدا ئەگــەر بــە لەســەرەخۆییش بێــت بەرنامــەی بــاش بــۆ بــەرەو پێشــکەوتن هــەن کــە کاریگــەری لــە ســەر بوارەکانــی دیکــەش دادەنــێ.

## ڕاسان و هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن

بێگومـان یەکڕیـزی و هـاوکاری لـە نێـو هێـز و لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـەی ئۆپۆزسـیۆن وەک بنەمایـەک بـۆ سـەرکەوتنی شـۆڕش دەزانرێـت؛ هەوڵـدان بـۆ پێکهێنانـی ئـەو هاوکارییـە دەبـێ لـە بنەماییتریـن ئەرکەکانی هێزیـک بێـت کـە ڕێبەرایەتـی ڕاسـان دەکات. هـەر ئـەو ڕوانگەیـەش بووە هـۆی ئەوەیکـە هەنـگاوی بـاش بـۆ پێکهێنانـی ناوەنـدی هـاوکاری هێـز و لایەنـە سیاسـییەکانی ڕۆژهـەڵات هەڵگیـراون.

بێگومـان ئـەو هەنگاوانـە ئەگـەر لـە ئاسـتی چاوەڕوانیشـدا نەبـێ بەڵام هەنـگاوی زۆر پیـرۆزن چونکـە گفتوگـۆ و دیالـۆگ لـە نێـوان لایەنەکانـدا و هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی میکانیزمێکـی گونجـاو دەتوانـێ چارەسـەرێکی بـاش بێـت بـۆ نەهێشـتنی گرفتـەکان.

«حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە وەهـا بارودۆخێکـی زۆر سـەخت و دژواردا، لـە ژێـر گوشـاری جیاجیـا بـە فیداکردنـی کادری زۆر بەوەجـی خـۆی و دانـی نرخێکـی زۆر، توانـی بەشـێک لـەو خەسـارانە و ڕەخنانـەی کـە لـە سـەر بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد لـەو بەشـە هەبـوو بڕەوێنێتـەوە و وا بـکات کـە دووبـارە بابەتـی شـۆڕش لـەو پارچەیـە ببێتـە بەشـێک لـە هاوکێشـەکان کـە هیـوای زیاتـر لـەو بـوارەدا هەیـە؛ بـەڵام ئـەوە بـەو مانایـە نییـە کـە هێـز و لایەنەکانـی تـر یـا ئـەو کەسـانەی کـە لـە دەرەوەی بازنـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـدان دەبـێ لـە دەرەوەی ڕاسـان بمێننـەوە یـا ئـەوەی، ئـەوە تەنیـا ئەرکـی حیزبێکـە و ئەوانـی تـر دەبـێ سـەیر بکـەن بزانـن دۆخەکـە بـەرەو کـوێ دەڕوا تـا دوایـی لـە سـەر بابەتـەکان ڕا و بۆچوونـی خۆیـان دەرببـڕن. نابـێ سـەیری

بەهێـزی یـان لاوازی هێـزەکان بکرێـت، بەڵکـوو دەبێ سـەیری فەلسـەفە و بنەماکانـی ڕاسـان بکرێـت، ئەگـەر لـە چوارچێـوەی بەرژەوەندیـی کـورددا بێـت کەواتـە بـۆ نەتەوەکەمـان بابەتێکـی بەسـوودە و پێویسـتە؛ هەمـوو لایـەک دەبێـت لـە پشـتیوانی و هـاوکاری و هەماهەنگـی لەگـەڵ ئـەو شۆڕشـە زۆر زۆر زیاتـر هـەوڵ بـدات.

بـاوەڕ ناکـەم هێـز و لایەنێـک هەبێـت کـە بانگەشـەی خەبـات لـە پێنـاو گەلـی کـورددا بـکات و خـۆی لـە کاراکتـەرە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵات بزانێـت و بـۆ داخوازیـی گـەل تێبکۆشـێ بـەڵام لەگـەڵ بنەمـای ڕاسـان و پێویسـت بوونـی بـۆ ئـەوڕۆی بزاڤـی گەلەکەمـان گرفتـی هەبێـت یـا بڵێـت بـۆ ئەمـڕۆی کـورد کـە بـەو شـێوەیە لەژێـر پۆتینـی داگیرکەردایـە شۆڕشـێکی وەکـو ڕاسـان پێویسـت نییـە یـا جووڵانەوەیەکـی وا لـە دەرەوەی بەرژەوەندیـی کورددایـە. کەواتـە هەمـوو لایەنێـک لـە بەرانبـەر وەهـا شۆڕشـێکدا خـاوەن ئـەرک و بەرپرسـیارەتین.

ئـەو ئـەرک و بەرپرسـیارەتییە خـۆی لـە پشـتیوانی و هـاوکاری و هاوسـۆزی بـۆ ڕاسـان دەبینێتـەوە، ئـەوکات ئیـتر شـەرەفی بەشـداری لـە شۆڕشـدا بـۆ هەمـوو لایـەک دەگەڕێتـە و لاواز یـا بچـووک یـا گـەورە بـوون ئـەوە ناگەینێـت کـە لـە دەرەوەی بازنـەی ڕاسـاندا بمێنیتـەوە، بەڵکـوو بـە گوێـرەی هێـزی هـەر لایـەک هەڵوێسـتی شۆڕشـگێڕانە گرتـن و بەشـداری و پشـتیوانی گەورەتریـن کاریگـەری دەبێـت.»[٢٦]

هــەر ئــەو ڕوانگەیــەش لــە سیســتمی حیزبــی دێموکــرات ڕەنگــی داوەتــەوە نــەک بەهێـزی یـا لاوازی هێـزەکان بەلکـوو لـە سـەر بنەمـای ڕێزگرتنـی دوولایەنـە لەگـەڵ هەمـوو هێـزە کوردسـتانییەکانی ڕۆژهـەڵات هەڵسـوکەوت بـکات.

«نەخشــە ڕێــگای پێکهێنانــی ئەوتــۆ و ئاڵوگۆڕێکــی ئەوتــۆ، ئەوەیــە کــە هەمــوو ئــەو هێزانــەی کــە دەتوانــن لــەم بــوارەدا یارمەتیــدەر بــن لەژێــر چەمکــی بەرینــی سیاســیدا کۆبکاتــەوە، هەمــوو ئەوانــەی کــە دژی ملهۆڕییەکانــی دەســەڵاتی ناوەنــدی، پەراوێــز خســتنی کــورد، یــان هــەر نەتەوەیەکــی دیکــە لــە پێکهاتــەی سیاســی و حەشــیمەتی ئێــران بــە هــەر ئاییــن و زمــان و کلتورێکــن، تەنیــا بــەو مەرجــەی دێموکــرات و ئازادیخــواز بــن، بۆیــە هەرچەشــنە خۆبەجەمســەر زانیــن و قەتیــس مانــەوە لــە هــەر چەشــنە چوارچێوەیەکــی بەرتەســکدا، دژی ســەرکەوتنی ڕاســانن.»[١٧]

لەهێزیکــی وا نیشــتمانی کــە بــاوەڕی قوڵــی بــە دێموکراســی و پلۆرالیــزم هەیــە و توانیوەتــی ئایدیــای جیــاواز لەژێــر بەرنامــەی خۆیــدا بــۆ خزمــەت کــردن بــە نەتــەوە کۆبکاتــەوە، گوتــار و هەڵســوکەوتی وا کــە خزمەتــی یەکڕیــزی بــکات چاوەڕوانــی دەکرێــت هــەر ئــەوەش دەبــێ وەک سیاســەتێک بــۆ داهاتــووی ڕۆژهــەڵات بــەردەوام بێــت تــا لــەو خەســارانەی کــە نەبوونــی سیاســەتی وا پێــش هاتــوون پێشــی بگرێــت، بــەڵام لــە بیرمــان نەچێــت کاتێــک ئــەو خۆزگــەو سیاســەتەی حیــزب دێتــە دی کــە هەمــوو هێــز و لایەنــاکان لــەو ئاراســتەوە هــەوڵ بــدەن.

## چۆن لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەدا جێگامان دەبێتەوە

بـە درێژایـی مێـژوو، یەکێـک لـە فاکتەرەکانـی سـەرنەکەوتنی شۆڕشـی ڕەوای گەلەکەمـان هەڵکەوتـەی جوغرافیـای کوردسـتان بـووە کـە وێـڕای دابـەش بـوون بـە سـەر وڵاتانی ناوچـە هەروەهـا بـە گوێـرەی بەرژەوەندی زلهێزانـــی دونیـــا و ژێئۆپۆلیتیکـــی ناوچـــەش نەکەوتۆتـــە نـــاو هاوکێشـــە سـەرەکییەکان بـۆ ئـەوەی نەتوانـرێ فەرامـۆش بکـرێ.

ئـــەوەی لـــە سیاســـەتی نێودەوڵەتـــی هەروەهـــا جـــۆری سیاســـەت و پشـــتیوانی وڵاتـــان کاریگـــەری هەیـــە بەرژەوەنـــدی ئابـــووری و سیاســـین کـە کـورد نەتوانـێ وەک فاکتەرێکـی بەهێـز ئامـادە ببێـت ناشـتوانێ لـە هاوکێشـەکاندا بەشـدار بێـت، ڕاسـان ئـەو نەخشـەڕێگایەیە کـە پێگـەی کـورد تێیـدا بەهێـز دەکات، ئـەوەش کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لـە سـەر بەرژەوەنـدی کـورد لـە هەمـوو بەشـەکان دەبێـت. بـوون بـە بەشـێک لـە هاوکێشـەکان لەوێـوە درسـت دەبێـت.

## بەڵام ئەوە چۆن ڕوودەدات؟

«ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بـۆ دنیـا چـۆن گرنگـە ئێرانیـش ئـاوا بـۆ ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت. لـە هـەر ڕوانگەیـەک کـە سـەیری ئێـران دەکرێـت لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت خاوەنـی هەڵکەوتەیەکـی بێوێنەیـە لـە باکـوورەوە ٦٦٠ کیلۆمێـتر لەگـەڵ دەریـای خـەزەر لـە باشـوورەوە ١٣٥٩ کیلۆمێـتر لەگـەڵ کەنـداو، ٦٩٧ کیلۆمێـتر لەگـەڵ دەریـای عومـان سـنووری هەیـە، کۆنترۆڵـی هەیـە بـە سـەر شـوێنی گواسـتنەوەی نزیکـەی

٧٠ لەسەدی وزەی جیهان. لە لایەکی دیکەوە ١٠/٣ هەموو نەوتی دنیا لەگەڵ ١٥/٨ گازی دنیا لە ئێرانە کە دەکاتە ڕیزبەندی دووهەمی دونیا؛ ئەوە تەنیا دوو لە هەزاران سامانیی و دەوڵەمەندیی بۆ وێنەی سەرچاوەی سروشتی و هەروەها مرۆڤییە لە ناوچەیەکی وا هەستیاردا.»[٢٧]

لە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی هەژموونی بەسەر گروپە شیعەکان و بەکارهێنانیان لە وڵاتانی ناوچە توانیویەتی کە کاریگەری نەرێنی زۆر لە ناوچەدا دروست بکات کە ببێتە فاکتەری ئاڵۆزی لە ناوچەدا.

هەر ئەو پرسە وای کردووە کە ئێران لە هەموو هاوکێشەکانی ناوچە بەشدار بێت؛ بنەمای گوشاری ئەمریکا دوای هاتنەدەر لە ڕێککەوتننامەی بەرجام لە سەر کشانەوەی ئێران لەو ناوچانەیە کە هەژموونی تێدا هەیە یەکێک لەو خاڵانەیە کە ئەمریکا بۆی داناوە و دەبێ جێبەجێی بکات، وەک سوریە و لوبنان و عێراق؛ بەڵام ئێران سەرەڕای ئەوەیکە خاوەنی ئەو کارتانەیە بەڵام لە هەمان کاتیشدا خاڵی لاوازی هەیە. ڕاستە کە ئێران لە ژئۆپۆلیتیکی ناوچە بە هۆی هەڵکەوتەی جوغرافی بەهێزە بەڵام لە نێوخۆدا خاوەنی دەیان گرفت و لە هەمووشیان گرنگتر ئابووری دارماوە واتە وڵاتێک بە ئابووری دارماو ناتوانێ ببێ بە وڵاتی کاریگەر لە ناوچە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ یا سەقامگیر بێت؛ بەردەوام وێڕای گرفت بۆ دابینکردنی کەشی ئابووریی لەبار بۆ وڵات، لە لایەن هاووڵاتیانی خۆیەوە دەکەوێتە بەر هێرش و ئەوەش لە هێز و توانای سیاسی و ئابووری کەم دەکاتەوە.

ئەو بابەتە ئەم ڕۆژانە زۆر بەڕوونی دەبینین کە ناڕەزایەتی خەڵک دەستی پێکردووە ئەو هێزە مەترسی نەمانی لە سەر دروست

بـووە، بۆیـە هێزێکـی وا هیـچ کات ناتوانـێ ڕۆڵـی زلهێـزی لـە ناوچـەدا بـۆ ماوەیەکـی درێـژ بگێڕێـت.

دووەم فاکتـەری لاوازی ئێـران کـوردە، کوردسـتان ئەلقەی هـەرە لاوازی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـە بـۆ نمەنـە راسـانی ڕۆژهـەڵات هـەر چەنـدی بەریـن بکرێتـەوە زیاتـر پرسـی کـورد لـە ئاسـتی جیهـان و لـە ئێـران دێنێتـە بـەر بـاس.

ڕاسـان بـە چەنـد شـێوە توانیویەتـی ئـەو ئامانجـە بپێکێـت لـە ئەگـەری بەهێـز بوونـی زیاتـر دەتوانـێ ئـەو ئامانجـە بپێکیـت و لـە کۆتاییـدا ئـارەزووی دێرینـەی کـورد لـە کوردسـتان بێنێتـە دی کـە ئەویـش هێنانـەدی مـاف و ئازادییەکانـی گەلـی کـوردە.

یەکـەم شـێوە بـە ئامادەبوونـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە نێوخـۆی کوردسـتان و بەرەنگاربوونـەوەی لەگـەڵ هێزەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی، زیـان پێگەیاندنـی توانیویەتـی هەیمەنـەی هێـز و بوونـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە ناوچـەدا و لـە ئێرانـدا بخاتـە ژێـر پرسـیارەوە کـە بـە بـەردەوام بـوون و بەهێزتربوونـی ڕاسـان ئـەو شـکاندنی هەیبەتـە زیاتـر بـەدی دەکرێـت کـە ئـەم بابەتـە وێـڕای شـڵەژانی کۆمـاری ئیسـلامی هەسـتی باوەڕبەخۆبـوون دووبـارە بـۆ شۆڕشـی کـوردی دەگەڕێنێتـەوە کـە ئەمەیـان کاریگـەری لـە سـەر فاکتـەری دووەم دەبێـت.

دووەم، ڕاسـان بـە دروسـت کردنـی ئـەو هەسـتی بـاوەڕ بەخۆبوونـە، هەڵگرتنـی تێـزی خەباتـی شـار، کاریگـەری لـە سـەر بـە جەماوەریترکردنـی خەبـات و خرۆشـانی شـار دەبێـت، کـە هێزی ڕێژیـم بـۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕاسـان لاواز دەکات. چونکـە بەرەنـگاری لەگـەڵ هێـزی پێشـمەرگەی شـاخ و خرۆشـانی شـار لـە یـەک کاتـدا ئەسـتەمە. بەتایبەتـی کـە بەسـتەری

کوردستان بۆ ئەو هەستانەوە نەتەوەییە ئامادەیە پێم وایە حەماسەی هاوکاری گەیاندنی ڕێک و پێک و بەرفراوانی کوردەکان لە ئاگری تا ئیلام بۆ بومەلەرزەلێدراوانی کرماشان باشترین بەڵگەیە کە کورد ئامادەیە بۆ کاتی پێویست؛ کاتی پێویستیش بەجێگەیاندنی تەواوی ئەرکی ڕاسان و بەهێز بوونیەتی.

سەرەڕای ئەوە، بە درووست بوونی پێشمەرگەی شار، ڕاسان توانیویەتی لە پێگەی حیزب لە نێو جەماوەر کەڵک وەربگرێت کە ئەو جۆرە لە بەرەنگارییە بەتایبەتی لە نێوخۆ ڕێکدەخرێت و بەردەوام دەبێت و دەتوانێ جۆرێکی دیکە لە هێزی ڕاسان بێت کە هەر دوو ئەرکەکە بەجێ دەگەینێت کە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی زۆر لە سەر بەهێز بوونی ڕاسان دادەنێت.

بەو دوو شێوەیە، بەهێزی ڕاسان گرفتی سەرەکی بۆ ڕێژیم دروست دەکات کە ئەگەر لەگەڵ گرفتەکانی دیکەی ڕێژیم ئاوێتە ببێت ڕێژیم زیاتر لەوەی هەیە بەرەو داڕووخان دەبات.

کەواتە بەجێگەیاندنی ئەرکی ڕاسان و بەهێزکردنی ڕاسان ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر لاوازی ئێران دەبیت و ئەوەش کاریگەری لە سەر لاوازی ئێران لە ناوچە دەبێت؛ پێم وایە ئەوەش کورد لە ڕۆژهەڵات وەک فاکتەرێکی هێز لە ناوچە دەهێنێتە نێو هاوکێشەکان.

«گەڕانەوە بۆ نێو هاوکێشە سیاسییەکان دەبێتە هۆی ئەوەیکە تۆش بتوانی داخوازەکانی خۆت لە گوڕانکارییەکاندا بسەپێنی و تەنانەت ببی بە هۆکاری گوڕانکارییەکان کە ئاکامەکەی دەتوانێ ئازادکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت.»[٢٩]

لێرەدا سیاسەتی حەکیمانەی دانەران و ڕێبەرایەتی ڕاسان

دەردەکەوێـت کـە توانیویەتـی هەنگاوەکانـی بـوون بـە ڕۆژهەڵاتێکـی بەهێـز بـۆ کـورد هەڵبگیرێـت کـە کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لـە سـەر بەدەسـتهێنانی مـاف و ویسـتەکانمان هەیـە. لێـرەدا گەڕانـەوە بـۆ ئـەو ڕسـتەیە لـە بەیاننامـەی دامەزرانـی حیـزب لـە سـاڵی ١٩٤٥ زایینـی بەپێویسـت دەزانـم کـە دەڵـێ « هاونیشـتمانانی بەڕێـز دەبـێ بزانـن حـەق نـادرێ. حـەق وەردەگیـرێ،» واتـە بـە هێنانـەدی و بەهێزکردنـی ڕاسـان هەنگاوەکانـی حـەق وەرگرتـن هەڵدەگریـن. چونکـە بـۆ حـەق وەرگرتـن دەبـێ بەهێـز بیـن.

## ڕاسان چۆن دەبێتە هێزێکی شوێندانەر

هــەر وەکــوو لــە باســەکانی پێشــوو هەوڵــمان دا بــە وردی شــی بکەینــەوە کــە ڕاســان بــە هەبوونــی ڕیشــە لــە ناخــی حەقخــوازی شۆڕشـەکانی پێـش خـۆی بیچمـی گرتـووە و توانیویەتـی ماکـەی سـەردەمی بـوون و پێشـکەوتنخوازی کـە لەژێـر کاریگـەری هێـزی شـوێندانەری خـۆی واتــە حیزبــی دێموکــرات وەربگــرێ، ئێســتا وەک ڕاســتییەکی کاریگــەری شـۆڕش لـە ڕۆژهەڵاتـدا بێـت ئیـتر تەنیـا تیئـوری یـا بەرنامـە نییـە چونکـە وێـڕای جێبەجێکردنـی چەنـد قۆنـاغ کـە بـە تێچوویەکـی قورسیشـەوە بووە هیوایەکـی بەهێزیشـە بـۆ داهاتـوو کەواتـە وەڵامـی ئـەوەی چـی بکەیـن بـۆ ئـەوەی زیاتـر بەهێـز بێـت؟ بـە پێویسـت دەزانـم، بـێ گۆمـان وەڵامـی ئـەو پرسـیارە لای یـەک کـەس نییـە بەڵکـوو لـە لای هەمووانـە چونکـە هەموومـان بـە دانانـی هێـزی فکـری و کـرداری خۆمـان دەتوانیـن هـاوکار و یاریـدەدەری بەهێـز بوونـی ڕاسـان بیـن کـە ڕزگاری نیشـتمانی ئامانجـە.

هەروەهـا خاڵێکـی جەوهەریـش نابـێ لـە بیـر بکەیـن بەتایبەتـی وەک هێزێکــی خــاوەن ئەزمــوون ئەویــش ئەزمــوون وەرگرتــن لــە خەبــات و تێکۆشـانی پێشـتری خۆمانـە. بێگومـان هـەر شکسـتێک کـە لـە مێـژوودا هەیـە ڕاسـتە شکسـتە لـە قۆناغـی یەکەمـدا بـەڵام وانەشـە بـۆ داهاتـوو کـە ئـەو شکسـتە دووبـارە نەکەینـەوە هـەر بۆیـەش دەبـێ ئـەوە یەکێـک لـە بابەتەکانـی دەوڵەمەندکردنـی ڕاسـان بێـت.

ئــەوەی لــە ڕاســاندا خەبــات تەنیــا بــۆ هێــزی پێشــمەرگە دانانێــت بەڵکـوو ڕەمـزی سـەرکەوتن بـە لێکگرێدانـی خەباتی شـاخ و شـار دەزانێت واتــە ئەرکــی شــۆڕش بــە ســەر هەمــووان دابــەش دەکات یەکێــک لــەو

وانانەیـە کـە لـە مێـژوو وەرگیـراوە.

پێویسـتە بـۆ بەهێزکردنـی ڕاسـان لـە ئاسـتی حیزبـی دێموکـراتڕا دەسـت پـێ بکەیـن. بنەمـای ئـەو بەهێـز بوونـە لـە کۆنگـرەی راسـانی ڕۆژهـەڵات بـە پەسـەندکردنی پێکهاتـەی نـوێ دانـراوە بەجێبەجـێ کردنـی پەسـند کراوانـی کۆنگـرە هەروەهـا کار کـردن بـۆ چـالاک کردنـی هەمـوو ئـەو دەزگا سـەرەکییانەی کـە لەنێـو حیزبـدا هـەن کاری جێبەجێکردنیـان لـە ئەسـتۆیە هەنـگاوی جیـددی لـەو بـوارەدا هەڵدەگریـن.

ڕاسـان خەباتێکـی فرەڕەهەنـدە واتـە تەنیـا یـەک ڕەهەنـدی چەکـداری یـا مەدەنـی یـا ڕێکخراوەیـی یـا دیپلۆماسـی ناگرێتـەوە بەڵکـوو هەمـووی ئەوانـە دەگرێتـەوە بەهێـز بوونـی هەمـووی ئـەو بوارانـە بـە بەرنامـە و پلانـی کورتخایـەن، درێژخایـەن وەک حەڵقەکانـی زەنجیرێکـن کـە لـە کۆتاییـدا هێـزی شـوێندانەری ڕاسـان واتـە حیـزب بەهێـز دەکـەن؛ بۆیـە نـەک نابـێ لایەنێـک فەرامـوش بکـرێ یـا پشـتگوێ بخـرێ بەڵکـوو بـەرەو پێشـچوونی هاوتەریبـی هەمـوو لایەنـەکان ڕەمـزی کاریگەربوونـی ڕاسـانە. بـۆ ئـەوەی دیـاری بکەیـن کـە لـە ئاسـتی هـەر یـەک لـەو بوارانـە چـی پێویسـتە بـە کەڵکوەرگرتـن لـە هێـزی مرۆیـی حیزبـی دێموکـرات کـە هێزێکـی دەوڵەمەنـدە دەتوانـرێ هاوکارییەکـی باشـی ئـەو بابەتـە بـکات کـە ئەمـەش جێبەجـێ کردنـی ڕۆحـی پێکهاتـەی نوێـی حیزبـە واتـە دابەشـکردنی دەسـەڵات و پسـپۆڕایەتی و ڕاوێـژ کردنـە.

هەروەهـا لـە ئاسـتی نێوخـۆی ڕۆژهەڵاتیشـدا وێـڕای پتەوتـر کردنـی هـاوکاری و هاوپەیمانیـەکان، گفتگـۆی بـەردەوام بـۆ گـەورە کردنـەوەی خاڵـە هاوبەشـەکان و هەروەهـا دیتنـەوەی ڕێگاچارەسـەری بـۆ خاڵـە ناکۆکەکانـە بێگۆمـان بـە لایـەک ناکـرێ بـەڵام وەکـوو جێبەجێـکاری ڕاسـان

ئەرکی حیزبی دێموکرات لەو بابەتە قورستر دەبینم بەو مانایە کە دەبێ زیاتر هەوڵ بدەین لە بەجێگەیاندنی راسان و ئەو ڕەسالەتە مێژووییەی کە لە سەر شانمانە وەکوو هێزێکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتدا.

بێگومان ئەوە دەبێ بە هاوکاری هەموو هێزەکان بێتە دی. پێموایە کار کردن بۆ زەق کردنەوەی خاڵی هاوبەش و چارەسەری خاڵە ناکۆکەکان دەتوانێ لە سەر ڕاسان زیاتر لە یەک نزیکمان بکاتەوە چونکە ڕاسان کە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە بەرچاو دەگرێت ناتوانێ لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکە کە ئەوانیش لەو بوارەدا هەنگاو هەڵدەگرن ناکۆکی هەبێت. بەتایبەتی لە بارودۆخی ئێستا کە گۆڕانکارییەکان زۆر بەخێرایی دەچنە پێش و دەبێ هەمیشە زۆر ئامادە بین.

## وتەی کۆتایی

حیزبــی دێموکــرات وەک پــردی نێــوان شۆڕشــەکانی ڕابــردوو تاکــوو گەیشــتن بــە ڕاســانی ڕۆژهــەڵات توانیویەتــی هەســت و بیــری کوردایەتــی بپارێزێــت. لــەو پێوەندییــەدا حیزبــی دێموکــرات زۆر هــەوراز و لێــژی بڕیــون و تووشــی زۆر نســکۆ و ســەرکەوتن بــووە، لــە گــەڵ ئــەوەش تــا ئێســتا بــە ئامانجەکانــی نەگەیشــتووە. بــۆ گەیشــتن بــەو ئامانجانــە دەبــێ ببــێ بــە هێزیکــی شــوێندانەر کــە لــە هاوکێشــە جیهانــی و ناوچەیــی و نێوخۆییەکانــدا بخوێندرێتــەوە و گوێــت لــێ بگــرن و حیســاب بــۆ ویســت و داخوازەکانــت بکــەن. ئــەوەش بــە یەکڕیــزی و یەکیەتــی و بــە یەکگوتــاری دەکــرێ بــەڵام بــۆ ئــەوەی ئــەو فۆرمولــە بێتــە دی پێویســتی بــە خەباتــی بێوچــان و قوربانیــدان و لەخۆبردوییــە کــە ئــەوەش لــە نێوەڕۆکــی ڕاســانی ڕۆژهــەڵات خــۆ دەنوێنــێ.

## ژێدرەکان

١. کورد وعەجەم نوسینی نەوشیروان مستەفا
٢. کورد و عەجەم نوسینی نەوشیروان مستەفا
٣. کۆماری ملی دێموکراتیکی کوردستان دوکتور یاسین سەردەشتی
٤. کۆماری ملی دێموکراتیکی کوردستان دوکتور یاسین سەردەشتی
٥. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو
٦. کۆماری کوردستان لە مێژووی هاوچەرخ دا ئەلبورز ڕۆئین تەن گۆڤاری تیشک ژمارە ٤٦
٧. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو
٨. کوردستانی ئێران دوکتور یاسین سەردەشتی
٩. کوردستانی ئێران دوکتوریاسین سەردەشتی
١٠. نیو سەدە تێکۆشان عەبدوڵا حەسەن زادە
١١. نیو سەدە تێکۆشان عەبدوڵا حەسەن زادە
١٢. نیو سەدە تێکۆشان عەبدوڵا حەسەن زادە
١٣. خەباتی حەقخوازی کورد، کریس کۆچرا
١٤. راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٥. راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٦. راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٧. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٨٨
١٨. ژمارەی ٧٠٧ ی ڕۆژنامەی کوردستان
١٩. راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٠. پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری لە نەورۆزی ١٣٩٥ هەتاوی لە سنووری ڕۆژهەڵات
٢١. ڕاسان لە بەرانبەر داگیرکەر و ڕۆلی گرینگی حیزب وەک داینەموی ڕاسان، ئەلبورز ڕۆئین تەن گوڤاری ژمارە ٤٧ی تیشك!
٢٢. راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٣. راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٤. کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەلات هەنگاوێکی گرنگ لە پێناو ڕۆژهەڵات و ڕاسان، ئەلبورز ڕۆئین تەن، کوردستان میدیا
٢٥. ئەرک و رۆڵی هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە بەرانبەر ڕاساندا، ئەلبورز ڕۆئین تەن
٢٦. راپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٧. ژێئۆپۆلیتیک و کورد، ئەلبورز ڕۆئین تەن وێبسایتی کوردستان مێدیا
٢٨. ڕاسان هاوکێشەکانی سیاسی لە ناوچەی گۆڕیوە، ئەلبورز ڕۆئین تەن، وێب سایتی کوردپا

